# تەکنیکی نیگارکێشانی دیجیتاڵی لە نێو هونەری کاریکاتێردا

**م.ی.سام سام احمد فتاح**
زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی هونەرەجوانەکان
بەشی شێوەکاری
sam.fatah@univsul.edu.iq

**پوختە**

توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفیە دەبارەی (تەکنیکی نیگارکێشانی دیجیتاڵ لە نێو هونەری کاریکاتێردا) وەك یەکێك لە میدیا داهێنەر و کاریگەرەکانی نێو هونەری بینەیی ئێستا. بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە کێشەی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە و سنورەکانی (کاتی و شوێنی و ماوەیی) و پێناسەی زارەوەکان، ئامانج لەم توێژینەوەیە بە دەرخستن و ناساندنی سیما و تایبەتمەندیەکانی تەکنیك و ئامرازەکانی نیگارکێشانی دیجیتاڵە کە بونەتە هۆی نەخشاندن و چۆنیەتی بەرجەستەکردنی کارە کاریکاتێرەکان . بەشی دووەم: توێژگەی یەکەمی: توێژینەوەکەش بەشێکە لە چێوەی تیۆری توێژینەوەکە و تایبەتە بە سەرهەڵدانی مێژوویی کاریکاتێر و جۆرەکانی. بەشی دووەم : توێژگەی دووەم: تایبەتمەندە بە تەکنیك و ئامرازەکانی نیگارکێشانی کاریکاتێری دیجیتاڵ کە پێکدێت لە پەیوەندی نێوان نیگارکێشانی باو (ترادیشناڵ) و نیگارکێشانی دیجیتاڵ و ئامرازەکان و سوفتوێرەکان و تەکنیکی کاریکاتێری دیجیتاڵ . بەشی سێهەم : بەجێهێنانی توێژینەوە : ١- کۆمەڵگەی توێژینەوە، ٢-نمونەی توێژینەوە، ٣- ئامرازی توێژینەوە، ٤- ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان، ٥-میتۆدی توێژینەوە. بەشی چوارەم : تایبەتمەندە بە ئەنجام و دەرئەنجامەکان .

**الملخص**

إن البحث وصفي تحليلي يعتني بـــ (تقنيات الرسم الرقمي في الفن الكاريكاتير) كإحدى وسائل فنية إبداعية مؤثرة في مجال الفن البصري في وقتنا الحالي. يتضمن البحث أربعة فصول، خصص الفصل الأول لبيان مشكلة البحث، أهميته و أهدافها و حدودها (الزمانية و المكانية) ثم تحديد أهم المصطلحات الواردة فيه. الهدف من هذا البحث إظهار و تعريف السمات و الخواص التقنية و أدوات الرسم الرقمي التي أدى إلى تصوير و تجسيم الأعمال الكاريكاتيرية. الفصل الثاني في مبحث الأول : كجزء من الأطار النظري للبحث يختص بالنشأة التأريخية لفن الكاريكاتير و أنواعها. و الفصل الثاني : مبحث الثاني : يختص بتقنيات و أدوات رسم الكاريكاتير الرقمي، المرتبط بالعلاقة بين رسم التقليدي و رسم الرقمي و الأختلاف بينهما ، مع الأدوات و البرامج و تقنيات كاريكاتير الرقمي . الفصل الثالث : اجراءات البحث : ١-



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

مجتمع البحث ، ٢- عينة البحث ، ٣- أداة البحث ، ٤-أداة جمع المعلومات ، ٥-طرق البحث . الفصل الرابع : يختص النتائج و الاستنتاجات .

## Abstract

This is research is a descriptive - Analytical research on “ the techniques of digital paintings in caricature art” currently, as one of the influential and creative artistic media in the field of visual art. The first section of the research is devoted to illustrate the research problem, it’s importance, goal, and the limitations of (time and place), then defining the most important terms. The aim of this research is to show and define the features, technical characteristics, and digital painting tools that led to the depiction and embodiment of the caricature works. The second section in the first topic: As part of the theoretical framework of the research, it deals with the historical origins of the art of caricature and its’ types. And the second section: The second topic: Deals with the techniques and tools of digital caricature drawing, related to the relationship between the traditional drawing and digital drawing and the difference between them, with tools, programs, and digital caricature techniques. Section Three: Research Procedures: 1-The Research Community, 2-The Research Sample, 3-The Research Tool, 4-Collecting Information Tool, 5- The Research Methods. Section Four: is for the results and conclusions.

**بەشی یەکەم :یەکەم : کێشەی توێژینەوە :**

بەتێپەڕبوونی ســاڵەکان پێکەوەگرێدانی تەکنەلۆژیا و هونەر بۆتە بەشــێکی بەرچاو لە کلتوری هونەریدا، چەندین هونەرمەند بەرەو ئاراســتەی فێربوونی تەکنەلۆژیا هەنگاو دەنێن چونکە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ و تەکنیکە نوێیەکانی کاریگەریەکی بەهێزیان لەسـەر هونەری نیگارکێشـان و کاریکاتێر هەیە، دەبینین لە ڕابردوودا نیگارکێشـان و کاریکاتێر پشــتیان بە کارامەیی هونەرمەند و ئامرازە باوەکانی (فڵچە و قەڵەم و خەڵوز و پاســتیل و مەرەکەب ... چەندین ماتریاڵی تر) بەســتبوو لە ڕێی هەنگاوە باوە (تقلیدیەکانەوە) کۆنترۆڵی فۆڕم و چڕی ڕەنگ و پلە ڕەنگی و تۆنە جیاوازەکانیان دەکرد بەڵام هونەرمەندانی ئێسـتا لە ڕێی پێنووســی ئامرازە دیجیتاڵیەکانەوە پراکتیزەی کاری هونەری دەکەن هەرچەندە لە ڕووکەشــدا هاوشــێوەی ئامرازە باوەکان کاری پێدەکرێت بەڵام تەکنەلۆژیای مۆدێرنی ئەمڕۆ دەسـتی هونەرمەند دەگەێنێت بە کۆمەڵێك بژاردە کە بە پەنجەلێدانێکی هونەری ئاسـۆیەکی بێ سـنور بۆ هونەرمەند دەکاتەوە تا داهێنەرانەتر و وردبینتر گوزارشـت لەخۆی بکات بە جۆرێك گەشـتۆتە ئەو پلەیەی هونەرمەندی دیجیتاڵ بەچەند هەنگاوێکی ئاسـان شـاکاری نایابی هونەری بەرهەم بێنێت، شـۆڕشـی تەکنەلۆژیا لە سـەدەی نوێدا کاریگەری بەرچاوی لە داهێنانی هونەریدا کرد بە تایبەت هەموو توخمەکانی ماتریاڵ و میدیای لە خۆدا کۆکردۆتەوە تا هونەرمەند داهێنانەکانی پێ بەرجەستە بکات ، بەڵکو نیگارکێشانی دیجیتاڵ ماتریاڵی نوێی وای بەدیهێناوە کە پێشتر هونەرمەند نەیناســیوە ، لە هەمان کاتدا نیگارکێشــانی دیجیتاڵی ســەکەوتوتر کردووە لەڕووی خێرایی و ئاســانی بەکارهێنان و گۆڕینی هێڵ و ڕەنگ و داڕشــتنی شــێوەکانەوە ، هونەرمەند بە هۆی توانا و هاوکاری تەکنەلۆژیای



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

گەشــەســەندووی كۆمپیوتەرەوە دەتوانێت بیرۆكە و ئەندێشــەكانی لە ســەر چەند لەیەرێك و چینێك بەرپێوە و پرۆســەی ئالۆزی پێ ئەنجام بدات وەك تێكەڵ كردنی وێنە و تێكســت و دیزاین بەمەش ســامانێك لە نیگاری هونەری كاریكاتێری تەنزئامێز و گاڵتە ئامێزی دیجیتاڵی هاتۆتە بەرهەم كە بەدیدەكرێت لە بەرگی گۆڤار و تۆرەكانی ئەنتەرنێت و سۆشیال میدیادا . پرسیارەكانی كێشەی توێژینەوەكە لەوەدایە :

١-ئایا ئامرازەكانی گرافیكی كۆمپیوتەر وەك ئامێرێكی فرە میدیا (Multimedia) و نیگاركێشانی دیجیتاڵی ، لێزانی و كارامەیی زیاتری بەخشــیوە بە هونەرمەندی كاریكاتێریســت لە ڕووی تەكنیكی خســتنەڕوو و وێنا و دیدگا هونەرییەكانەوە ؟

٢-تا چ ڕادەیەك تەكنیكەكانی كاریكاتێری دیجیتاڵی خەسڵەت و ئامرازە باوەكانی (كاغەز و فلچە و ...) بۆ ئاستێكی باڵاتر تێپەڕاندووە ؟ یان چ ڕۆڵێكی گێڕاوە لە دروستبوونی بینەر و وەرگری تایبەت بە كاریكاتێری دیجیتاڵی ؟

٣-لە كاتێكدا كە نیگاركێشانی دیجیتاڵی ئیستاتیكیایەكی نوێی سەربارخست بۆ هونەری كاریكاتێری دیجیتاڵی ، ئایا ئاســتی چێژی وەرگری بە چ ئاراســتەیەكدا بردووە؟ كاریكاتێری دیجیتاڵی بە ئاگاهاتنەوەی هزری و ئەندێشــەیی و ڕامیاری بەرفراوانتر كردووە ؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوە :**

١-ئەم توێژینەوەیە هەوڵی بەدەرخســتنی چەمكی نیگاركێشــانی دیجیتاڵی و كاریگەریە هەمەلایەنەكانی لەســەر پێشكەوتنی هونەری كاریكاتێری دیجیتاڵی بە هەردوو لایەنی شێوەكاری و لایەنی تەكنیكیەوە ئەدات .

٢-هونەری دیجیتاڵی (نیگاركێشان و كاریكاتێر) هەمان ئامانج و خەسڵەتەكانی هونەری ترادشن لە خۆ دەگرن بەڵام لە ئاســتێكی بەجێهێنانی هونەری باڵا و توانســتی بەدەســتهێنانی ئەو ئامانجانەی كە هەوڵی بۆ دەدات بەڵام بە شێوازێكی زۆرنایاب و خێراییەكی لەڕادەبەدەر .

٣-جەختكردنەوە لەســەر ڕۆڵی كاریكاتیری دیجیتاڵی و تەكنیكە بێســنوورەكانی لە ئافەریدەكردنی ئامانجە گوزارشتگەرا و ئیستاتیكیەكان لە میانی نمایشكردن و ڕاڤەكردنی دیارترین نمونە هونەریەكانی ئەم سەردەمە .

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە :** بەدەرخستنی تەكنیكی نیگاركێشانی دیجیتاڵ لە نێو هونەری كاریكاتێردا .

**چوارەم : سنووری توێژینەوە**

١-سنووری بابەتی : تەكنیكی نیگاركێشانی دیجیتاڵ لە نێو هونەری كاریكاتێری دا

٢- سنووری شوێنی : (ئەمریكا ، شانشینی یەكگرتووی بەریتانیا ، بەلجیكا ، یابان)

٣-سنووری ماوەیی (زەمانی) : كارە هونەریەكان ئەنجامدراون لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤- ٢٠٢٠)

**پێنجەم : پێناسەی زاراوەكان :**

**تەكنیك وەك زاراوە** : لە (منجد) ی مانا هاتووە كە (تەكنیك تایبەتمەندە بە هونەر یا زانســت ، كۆی شــێواز و ئەو ڕێگایانەیە كە تایبەتمەندە بە هونەر یا پیشە) (المنجد في اللغة و الإعلام،١٩٨٦،ص٦٣)

فەیلەسوفی ئەڵمانی (مارتن هایدگەر) ئاماژەی بەوەکردووە کە (تەکنیکی میدیا و بەرنامەسازی کۆمپیوتەر ڕوویەکی مەترسیداری تەکنەلۆژیان بەجۆرێك بۆتە وتەبێژی مرۆڤ و ئایدیا و ئایدۆلۆژیەکانی ، کۆمپیوتەر بەرجەستەکەری بڕیارەکانی مرۆڤە تەنانەت بۆتە ڕکابەری لە پەیوەندیە سۆزداریەکانیشیدا) (علي الحبيب الفريوي ، ٢٠٠٨،ص٢٠٠) . بەڵام هەرچەندە ئامێر بەرز و گەشەسەندوو و پێشکەوتووبێت هەر ئامرازێکی ملکەچە لە خزمەتی مرۆڤدا و هەمیشە هەروا دەمینێتەوە (فؤاد زكريا،١٩٧٨،ص١٣٣)

هونەرمەند پۆڵ کلێ (Paul Klee) پێی وایە کە ( تەکنیکی نوێ ئەلتەرناتیڤێکی ڕۆحی بەهێز و وردی جیهانی داهاتووە) (بول كلي، ٢٠٠٣، ص٤٠)

**پێناسەی کارڕێی تەکنیك** : بریتیە لە کۆی ئەو ئامراز و پێداویستیانەی کە لە پیشاندان و بەدیهێنانی ڕوویەکی بینەیی (نیگاری دیجیتاڵی کاریکاتێری) دا بەکاردێت، لە ڕێگەی میکانیزمێکی مەبەستدارەوە لە لایەن هونەرمەندەوە بەڕێوە دەبرێت، ئەویش بەرهەمدێت لە ڕێی بەرنامەکانی نیگارکێشانی تایبەت بە کۆمپیوتەر و ئەو ئامرازانەی لێی دەبەسترێت بۆ نیگارکێشان .

**نیگارکێشانی دیجیتاڵ وەك زاراوە** :لە چاوپێکەوتنێك دا کە ئەنجام دراوە لەگەڵ پرۆفیسۆر وانگ دامینگ (Wang Daming) مامۆستای ئەدەب و هونەر لە زانکۆی ساوس وێست بۆ نەتەوەکان لە پێناسەی دیجیتاڵ میدیا و گەشەپێدانی هونەردا، ئاماژە بەوە دەکات کە نیگارکێشانی دیجیتاڵی فۆڕمێکی نوێی زانستی کۆمپیوتەرە، ئەم نیگارە لە بنەمادا لەسەر کۆمپیوتەر بە ئەنجام دەگەیەنرێت لەڕێی نەرمەکاڵاکانی هێڵکاری (Drawing) و تەکنەلۆجیای مەڵتیمیدیا و تۆڕی تەکنەلۆجیاوە ، بۆیە نیگارکێشانی دیجیتاڵی بە شێوەیەکی سەرەکی پشت ئەبەستێت بە تەکنەلۆجیای داهێنەرانە (Creative Technology) و کۆمپیوتەر . (Jingtao Cui, 2017 , PP1-2)

بە زاراوەیەکی سادە نیگارکێشانی دیجیتاڵ بریتیە لە نیگارکێشانی کۆمپیوتەر بەو واتایەی بەرهەمێکی وەدیهێنراوی نەرمەکاڵاکانی (Software) نیگارکێشان و ئامرازو تولەکانی دیجیتاڵ گرافیکی کۆمپیوتەرە (G.Y.Annum,2014,P18)

**پێناسەی کارڕێی نیگارکێشانی دیجیتاڵ** : بریتیە لە کەڤاڵێك کە دادەڕێژرێت لە ڕێی بەکارهێنانی نەرمەکاڵاکانی نیگارکێشانی کۆمپیوتەرەوە کە داتا وزانیاریەکانی هێڵ و ڕەنگ دەباتە ناو کۆمپیوتەر بە هاوکاری ئامێرێکی نیگارکێشانی دیجیتاڵی کە تۆڕبەند دەکرێت لەگەڵ کۆمپیوتەردا .

**کاریکاتێر وەك زاراوە** : لە ئینسکلۆپیدیای (La rousse) فەرەنسیدا ووشەی کاریکاتێر ئاماژەیە بۆ شێواندنێکی هونەریانەی (واقع) یا ڕاستی و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی واقعە بە شێوەیەکی شێواو و بەلاڕێدابراو .( la rousse , 2000,P252)

نیگارکێشانی کاریکاتێری شێوەیەکی وێنەیی گوتاری میدیایە ، جۆرێکە لە وێنەی شێکاری ئیلوسترەیشن (illustration) کە پەیام و ڕاوبۆچوون دەگۆازێتەوە بۆ ناو ڕای گشتی لە شێوەی پڕوپاگەندە و تەنز و ڕابواردن و گاڵتەئامێزدا.(Josh Greenberg, 2002, p. 181)

میشێل جۆڤ لە کتێبەکەیدا بە ناوی (سەردەمی زێڕینی کاریکاتێری ئینگلیزی) بەم جۆرە پێناسەی کاریکاتێر ئەکات کە (شـێوازیکی دەربڕینی نا زمانەوانیە پشـت دەبەسـتێت بە گۆڕینی ڕاسـتیەکان لە ڕێگەی زیادەڕەویکردنەوە لە زەقکردنەوەی خەوش و عەیب و عارە جیاوازەکان بە شـێوازێکی گاڵتەجاڕیانە لە تەك هێشـتنەوەی ڕاسـتیەکانی ناو وێنەکە) (Michel Jouvre,1983,p20)

لە بۆچونێکی تردا بەم جۆرە پێنا سەکراوە کە (کاریکاتێر شێوازێکی پەیوەندیکردنە کە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی گرنگ دەگێڕێت و بەدوای کاریگەریدا دەگەڕێت) (Séverine Thivillon, 2003,p21)

یا (گاڵتەجاڕی یەکێکە لە چەکە زۆر بەهێزەکان لە نیگاری کاریکاتێریدا ڕێگە دەدات پەیامە بە کۆد کراوەکان خێرا ئاراستەی وەرگر بکات) (Rhonda walker, 2003, P16.)

یا دەکرێت بوترێت (ئەو نیگارەیە کە پشـت دەبەسـتێت بە گاڵتە لە سـاتی بەریەککەوتنی لەگەڵ دیاردە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و سـیاسـی و لایەکانی تردا ، و ئەم گاڵتەجاڕیەش گوزارشـتە لە گوتارێکی کلتوری کەموکورتی تاك و کۆمەڵی مرۆڤ ، ئەمەش بەگژاچوونەوەیەك و جەنگێکە دژی کردارە هەڵەکانی سیا سەت و مۆراڵ و ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە بۆ هۆشیارکردنەوەیان لە ناوەڕۆکی پەیامە کاریکاتێریەکان) (عبدالکریم سعدون،٢٠٠٨،ص١١)

**پێناسەی کارڕێی کاریکاتێر :** کاریکاتێر وێنەیەکی نمایشیە سیماکانی بابەتەکەی بۆ وەسفی کەسێکە کە زیادەڕەوی لە هەندێك تایبەتمەندیدا دەکرێت و بەشـەکانی تری سـادە دەکرێتەوە کە ئەویش ئەنجام دەدرێت لە ڕێی سـکێچ و وێنەکێشـانی باو و نیگاری دیجیتاڵەوە . کارێکاتێرەکان دەکرێت بەمەبەسـتی سـوکایەتی بەکاربێت یاخود ستایشکەربێت، دەتوانن خزمەت بەمەبەستێکی سیاسی بکەن یاخود تەنها بۆ ئاسودەیی و ڕابواردن کێشرابن.

**چێوەی تیۆری توێژینەوە**

**بەشی دووەم :توێژگەی یەکەم : سەرهەڵدان و جۆرەکانی کاریکاتێر** :

"کاریکاتێر وەك هونەر کە تێکەڵێکی ڕەگەزەکانی شـێوەکاری و کومیدیا یا گاڵتەجاڕیە ڕەگێکی کۆنی خۆی هەیە لە قوڵایی مێژوودا، تا ئەو ئاسـتەی کە هەندێك دەڵێن کاریکاتێر لەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤەوە لە دایك بووە بە جۆرێك کە دەتوانرێت نیگاری کۆمیدیایی لە شـوێنەوارە دێرینەکاندا بدۆزرێنەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ شـارسـتانیەتیەکان و هونەری پێش مێژوو ، کاتێك کە مرۆڤ نیگاری ئاژەڵەکانی دەوروبەر و ژیانی تایبەتی خۆی لەسەردیواری ئەشکەوت و بەردەکان نەخشـاندووە، وێنەیەکی زۆر دۆزراوەتەوە کە توخمەکانی کومیدیا و گاڵتە لە خۆ دەگرن لەسـەر دیواری ئەشـکەوتەکان لە فەرەنسـا و ئیتالیا و ئەمریکای باشـور و دورگەی عەرەب و بیابانی جەزائیر و زۆر شـوێنی دیکە . لەهەموو ئەو نیگارانەدا شێواندن لە پێوانە ئەنەتۆمیەکانی بەشێك لە جەستە و تەواوی جەستەدا بەدیدەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانریت بوترێت کە جەخت لەسەر ناوەڕۆکی گاڵتەئامێز کراوەتەوە" . (ممدوح حمادة، ١٩٩٩، ص٩)

"کاریکاتێر توخمێکی زیندووە لە هونەری فیرعەونیەکان دا بەجۆرێك نیگار و کاریکاتیرەکانیان نەخشـاندووە لەسـەر پەڕەی (Papyrus) (ورق بردي) کە جۆرە پەڕەیەکە میسـریە کۆنەکان لە ڕووەکی زەل دروسـتیان دەکرد ، کە باس لە پێچەوانەبونەوەی ڕۆڵەکان دەکات، یا ڕۆڵی مرۆڤیان بینیوە بۆنمونە : ئەسـپێکی ئاوی (Hippopotamus) بەو

قەبارە گەورەیەی خۆیەوە لەســـەر دارێك وەســـتاوە یان باڵندەیەك پەیژەیەکی ناوە بە دارێکەوە و هەوڵ ئەدات کە بەسەر پلیکانەکانیدا سەرکەوێ یان گورگێك لە شێوەی شواندایە ، ئەمانەش جۆرێکن لە گاڵتەیەکی باڵا و ڕاقی و مەزن "   (حنان حمادی ، خدیجه مالكي،٢٠١٩،ص٦)



شێوەی (١) کۆمەڵێك دیمەنی گاڵتەئامێز لەسەر (ورق بردي) میسریە کۆنەکان

میســـریەکۆنەکان نیگاری گاڵتەئامێز و ڕۆڵ و دۆخی پێچەوانە و خەونی ســـەیرو ســـەمەرە و واقیعی نائارام و ناجێگیر و ناپەســـەندیان بەرجەســـتەکردووە و نیگاریان کێشـــاوە لەســـەر پەڕە (Papyrus) بەردیەکان و پاشـــماوە گڵجۆشـــیەکان کە ڕۆژگار و مێژوو بۆی بەجێهێشـــتووین ، نمونەی ئەو نیگارانەش : پشـــیلە شـــوانی قازە، شـــێر یاری شەترەنج لەگەڵ ئاسك دەکات، هەروەك شێوەی (١) ، " هەر لەم نیگاری (ورق بردي) یانە دا کاریکاتێری مشکیك کراوە وەك مەزنیك جلوبەرگی پادشـــای پۆشـــیوە، پشـــیلەکانیش وەك خزمەتکارێك گرنگی پێ دەدەن ئەمەش گوزارشـــتە لە ســـوکایەتی و خۆبەدەســـتەوەدانی پشـــیلە بۆ گەورە مشـــکەکەی، ئەمەش بریتیە لە پێچەوانەبوونەوەی ڕۆڵ و دۆخی ژیان کە ڕێگە بە مشـــك دراوە کە کۆنترۆڵی تاکەکانی میلەت بکات بە تایبەت ئەوانەی بە دۆخەکە ڕاهاتوون " (حنان حمادی ، خدیجه مالكي، ٢٠١٩ ، ص ٩) هەروەك لە شێوەی (٢) بەدیدەکرێت



شێوەی (٢)



شێوەی (٣)

وەك بەشـــێکی جیانەکراوە لە ســـەردەمەکانی تر، "شـــارســـتانیەتیەکانی یۆنان و ڕۆمان مەرجەکانی ســـەرهەڵدانی کاریکاتێریان تێدا هەبووە ، یۆنانیەکان کاریکاتێریستێکان هەبووە بە ناوی (پاوسـۆن – Pauson) کە (ئەرســتۆفانیس - Aristophanes) و ئەرســـتۆ گەواهی ئەوە دەدەن کە کارە کاریکاتێرەکانی لەســـەر گۆزە گڵجۆشـــیەکان و گوڵدانە یۆنانیەکان نەخشـــاندووە ، بەڵام لای ڕۆمانەکان کاریکاتێرەکان لەســـەر دیوارەکانی هەردوو شـــاری (هێرکۆلانوم –

Herculanum) و (پۆمپی – Pompei) دۆزراونەتەوە" (Jean-Pierre Gebe,1966,p408)، نمونەی ئەم سەردەمەش پۆرترێتێكی گرافیتی نەخشێنراوی سەردیواری شاری پۆمپیە وەك لە شێوەی (٣) دا دیارە .

**كاریكاتێر لە ئەوروپادا** : سەرهەڵدانی كاریكاتێر وەك هونەرێكی سەربەخۆ لە سەردەمی ڕێنەسانسەوە دەركەوت و بە تایبەت لای هونەرمەند (لیۆناردۆ داڤنشی) چونكە " داڤنشی سەرسام و شەیدای ئەو مرۆڤانە بوو كە شێوەیەكی جیاواز و ناباویان هەبوو و خاوەن سەرو ڕوخسارێكی سەیر بوون ، زۆر كات بەدوایاندا گەڕاوە لە پێناو لەبەرگرتنەوەی سیماكانیان و لە بەركردنی تایبەتمەندیەكانیان و پاشان زیادەڕەوی تێدا دەكردن لە نیگارە هێڵكاریەكانیدا ، بەدرێژایی ژیانی پیشەیی لیۆناردۆ چەندین لێكۆڵینەوە و توێژینەوەی لەسەر جۆرە جیاوازەكانی ڕوخسار (Face) كردووە لە بەرئەوەی ئارەزووی گەڕانی هەبوو لە فیزیۆنۆمی (Physiognomy) (*) مرۆڤدا . لیۆناردۆ كۆمەڵێك هێڵكاری ئەو سەرانەی نەخشاند و ناوی لێنا (Visi Monstruos) واتە ڕوخساری دێوەزمە ناشرینەكان" (Lorenzo Lorusso, neuro-caricatures.eu) هەروەك لە شێوەی (٤) دا دیارە ئامانجی داڤنشی پێشكەشكردنی شێوەیەكی ڕەسەن بووە كە زۆر سەرسوڕهێنەرترە لە وێنەی ئاسایی.


شێوەی (٤)

بەڵام لە بۆچونێكی تردا وا دەبینرێت كە " كاریكاتێر بە مانا مۆدێرنەكەی لە سەدەی شانزەدا دروست بووە لە ئیتالیا لە قوتابخانەیەكی هونەری خێزانێكی دووبرای نیگاركێشدا بە ناوی (Carracci) كە فێرخوازەكانی ئەم ئەكادیمیایە وێنەی سەردانیكەرانیان بەشێوەیەكی پێكەنیناوی گاڵتەجاڕیەوە ئەكێشا لە شێوەی ئاژەڵدا بەڵام ئامانجیان بازرگانی نەبوو بەڵكو تەنها بۆ چێژ بوو" (Michel Ragon,1972,P6)

بە وتەی مێژوونوسی فەرەنسی (ئانی دوپرات – Annie Duprat) "كاریكاتێری سیاسی یەكێكە لە داهێنانەكانی ئازادی شۆڕش كە پاش ساڵی (١٦٩٠) باهۆزێكی ئازادی بردە ئینگلتەرا ، و ئەدەب و هونەر كۆت و بەندی لەسەر نەما و كاریكاتێر و گاڵتەجاریش زادەی ئەو ئازادیە بوو" (Annie Duprat,1992,P31)

"كاریكاتێر كە ژانرێكی ماماوەندی نیگاركێشانە لەگەڵ فراوانبوونی هونەری گرافیك و نیگاركێشان و هەڵكۆڵین دا گەشایەوە و دەركەوت لە پەنجاكانی سەدەی هەژدە دا لە لەندەن بە كۆششی كۆمەڵێك هونەرمەندی كاریكاتێر لە یەكەمین كاریكاتێریستە بەتواناكانیش بە مانا مۆدیرنەكەی پێك هاتبوون لە (هێنری ولیام بونبێری - Henry William Bunbury) و (جەیمس سایەرس - James Sayers) و (جەیمس گیلرەی - James Gillray) و (تۆماس ڕۆناڵدسۆن - Thomas Rowlandson) و (جۆرج كروكشانك - George Cruikshank) میراتگری ڕۆحی نیگاركێش (ولیام هۆگارث - William Hogarth) بوون كە بە باوكی چاپگەری كاریكاتێر و گاڵتەجاڕی ئینگلیزی دادەنرێت" . ( Catherine Clerc,1985,p32) لە كاریكاتێرەكانی ئەم سەردەمەش شێوەی (٥) ی هونەرمەند جەیمس گیلرەیە كە ناپلیۆن و ولیام پیت سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا زەوی لەشێوەی ژەمە خواردندا دابەش دەكەن .



شێوەی (٥)



شێوەی (٦)

یەکەمین کتێبی تایبەت بە نیگارکێشـــانی کاریکاتێری لە ئینگلتەرا بڵاوکرایەوە بە ناوی(ماری دارلی-Mary Darly) لە ساڵی (١٧٦٢ ز) دا ، ئەم کاریکاتێرانە لە ساڵی (١٧٥٩) لە کاتی جەنگی کیوبك دا لە ئەمریکای باکور کێشرابوو لە لایەن عەمیدی سەربازی (جۆرج تاونشێند – Brig-Gen. George Townshend) کەبەشێك لە کاریکاتێرەکانی پێك هاتبوون لە جەنراڵی بەریتانی جەیمس وۆلف (James Wolf) کە گوزار شتی لێ کردبوو وەك کە سێکی شێواو نەفام و نا شرین ، ئەم وێنانەشی وەك کات بەسەربردن و خۆشی بۆ هاورێ ئەفسەرەکانی نەخشاندبوو . (Terry Mosher, 2004,P171) هەروەك لە شێوەی (٦) دا دەرئەکەوێت

"ئەوروپا یەکەمین دەرکەوتنی رۆژنامەگەری بە خۆوە بینی بە شـێوەیەکی نوێ پاش داهێنانی چاپەمەنی لە لایەن لۆثەر و گۆتەنبێرگ (Luther & Gutenberg) وە بە ئاسـتێك گەشـەی سـەند و بوارێکی فراوانی گرتەوە لە گۆڕەپانە ئەورووپیەکاندا و لە رۆژنامەگەریشـدا هونەری گوزارشـتکردن سـەری هەڵدا کە کاریکاتێر نوێنەرایەتی دەکرد بە تایبەت بە شـێوازە گـاڵتـەجـاڕیـەکـەی ، دیـارە گـاڵتـەجـاریـەکـەش ســەبـارەت بـەو چەوسانەوانەبوو کە لە ژێر



شێوەی (٧)

دەســەڵات و فەرمانڕەوایی دەرەبەگ (فیوداڵ) و دەســەڵاتی پاشا و کڵێسـادا دەژیان لە نمونەی ئەوانەش (کارەسـاتی جەنگ) ی هونەرمەند (فرانشـیسـکۆ دی گۆیایە) لە ئیســپانیادا کە بە گاڵتەجاڕیەوە مامەڵەی لەگەڵ نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئاینی دەکرد و لەو ساتەوەختەدا وەك لە شێوەی (٧) بەدیدەکرێت بـە نـاوی (داڵـەکـان گۆشـــت ئـەخۆن) کـە خـەڵکی برســی دوای بـاڵـنـدەیـەك کەوتوون."(Michel Ragon,1972,P8).

شۆڕشی فەرەنسی (١٧٦٩) کاریگەری گەورەی هەبوو لە سەربەستکردنی ئاراستەی خراپی کاریکاتێر و سەرهەڵدانی ڕەهەندی سـیاسـی لە کاریکاتێردا ، " ســەدەی هەژدە بە ســەردەمی زێڕینی کاریکاتێری فەرەنســی دادەنرێت کە هونەرمەندان هۆنرێ دۆمیێ (Honoré Daumier) و پاوڵ جاڤارانی (Paul Gavarni) و جەی جەی گراندفیل (J.J. Grandville) زۆربەی کاریکاتێرەکانیان سـیاسـی بوون و بە کۆشـشـی ئەم هونەرمەندانە کاریکاتێری فەرەنسـی بوژانەوەیەکی بەخۆوەبینی، بە تایبەت توانی ڕزگاری بێت لە گرێ و لاسایکردنەوەی کاریکاتێری باوی ئینگلیزەکان ، بە

تەنها ڕزگارکردنی نەبوو لە لاسایکردنەوەی نیگارکێشان بەڵکو بەئاگاهاتنێکی فیکری و ئەندێشـەیی و سیاسی بوو کە ئـەم هونـەرمـەنـدانـە وەریـانگێڕا بۆنـاو کـارەکـانیـان و ڕەخنـەکـانیـان ، ڕۆژنـامـەکـان بوە شـــوێنی بڵاوکردنـەوەی کاریکاتێرەکانیان و ڕۆژنامە گاڵتەئامێزەکان دروســتبوون و بینەری تایبەت بە کاریکاتێر هاتەکایەوە" .( Michel (Ragon,1972,P9

یەکەم ڕۆژنامەی گاڵتەئامێزی فەرەنسی لە (٤ ی نۆڤەمبەری ١٨٣٠) دا بڵاو کرایەوە بە ناوی (La Caricature) کە لە لایەن نیگارکێش و ڕۆژنامەنووس و چاپگەر و بڵاوکەرەوە (Charles Philipon) چارلس فیلیپۆنەوە دامەزرا ، کە خاوەنی توانایەکی فراوان بوو لە خەیاڵ و نیگارکێشاندا و گرنگی بە بواری سیاسەت دەدا هەر بۆیە یەکەم ڕۆژنامەی کاریکاتێری بنیات نا (Jacques Letheve, 1961,p31)

ڕۆژنامەی لا کاریکاتیر (La Caricature) بۆ مەودایەکی درێژ بەردەوام بوو هاوشـــان لەگەڵ ڕۆژنامەی چاریڤاری (Charivari) کە هەردوکیان لە لایەن چارلس فیلیپۆنەوە دامەزرابوو بابەتەکانیان قۆسـتەوە بۆ لێدان و گاڵتەکردن بە دیاردە سیاسیەکانی وەك ستەمکاری پاشا و وەزیرەکان ، ئەم کارە هونەریانەش بە یاوەری هونەرمەندانی کاریکاتێر (دۆمیێ و گۆســتاف دۆرێ و گراندفیل) بوو کە کاریگەری کاریکاتێرەکانیان ببوە مایەی پێکەنینی کۆمەڵگە بەمەش کۆماریەکان تورەبوون و ســزای (فیلیپۆن) و یاریدەدەرەکانیان دا ، بەڵام ســەرەڕای بەندکردنیان دەســەڵات نەیتوانی چارە سەری بڵاوبونەوەی کاریکاتێر بکات تا یاسای سانسۆرکردنیان سەپاند کە ناسرابوو بە یاسای سانسۆری ساڵی (١٨٣٥) کە سنورێکی بۆ چالاکی کاریکاتێری سیاسی دانا بۆ چەندین ساڵ . (Bertrand Tillier, 2005, p. 151)

"هۆنرێ دۆمیێ لەبەرئەوەی وێنەی پادشـــا (لویس فیلیپ - Louis-Philippe)ی لە ڕۆژنامەکانی (چاریڤاری – لا کاریکاتێر) دا لە شـێوەی مۆتیڤی هەرمێیەك دا کردبوو کە ئەویش بیرۆکەی فیلیپۆن بوو ، بە شـــەش مانگ زیندانی بەسـەردا سـەپێنرا بە تاوانی سـوکایەتیکردن بە کەسـایەتی پاشـا ئەویش بە یاسـای (٩ی سێپتەمبەری ١٨٣٥) کە کاریکاتێری سیاسی سانسۆر کردبوو". ( Renaud Muselier , 2008, p.129) هەروەك لە شێوەی (٨) دەبینرێت .



شێوەی (٨)

لە ماوەی هەردوو جەنگی جیهانیدا دەسـەڵاتدارانی فەرەنسا لێهاتوویی کاریکاتێریسـتی ڕۆژنامەکانیان بەکاردەهێنا بۆ دروسـتکردنی ڕق و کینەی هاوڵاتیانی فەرەنسی لە دژی ئەڵمان و ڕووسەکان، کاریکاتێرەکانیان بزوێنەرێکی هاندان و پابەندبوونی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو ، هەروەها کاریکاتێر ڕۆڵێکی ترســناکی دەگێڕا لە کاردانەوەی توند و تیژیدا ، ئەو هونەرمەندانەی تایبەتمەندبوون بەم بوارە (پۆڵ بۆت – Paul Bot) و (ویلێت – Willette) و (ژان ڤێبەر – Jean Veber) و گۆڤاری هەفتانەی گاڵتەئامیزی (Bionette) لە ساڵی (١٩١١) دەرکەوت و لە (١٩٢٠) دیارنەما . (Annie Duprat,1992,p35)

لە یەکێتی سـۆڤێتیشــدا لینین بڕیاری دامەزراندنی ڕۆژنامەیەکی گاڵتەئامێزی دا لەژێر ناوی (Krokodil) کە هونـەرمـەنـدەکـانی پێـك هـاتبوون لـە (کوکرینســکی – Kukriniksy) و (ڤلادیمیر مـایـاکۆڤیســکی - Vladimir Mayakovsky) بەڵام ئەم جۆرە گەشـــەیەکی گەورەی بە خۆوە نەبینی لە یەکێتی سـۆڤێتدا و بەتایبەت لە وڵاتە



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

سـۆشـیالیسـتیەکاندا چونکە ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕەخنە بەرتەسـك بوون و کارەکانیان لە خزمەتی ئایدۆلۆژیا و ڕژێمەکەیدا بوو .

**جۆرەکانی هونەری کاریکاتێر :**

کاریکاتێر پەیامێکە لە هونەرمەندەوە بۆ وەرگر لە ڕێی کۆنتێکستێکی هاوبەشەوە کە دامەزراوە لەسەر بنەمای ئەو ڕاستیانەی کە هەردوو لای تێدا دەژین و لەم ڕوانگەیەوە کاریکاتێر پۆلێن دەبێت بۆ چوار جۆری بنەڕەتی :

١-کاریکاتێری سـیاسـی : ئەم جۆرە لە کاریکاتێر بەناوبانگترین و کاریگەرترین جۆرە کە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و بابەتە سیا سیەکان و پەرە سەندنەکانی دا دەکات، تیشك دەخاتە سەر بۆچونەکانی سەبارەت بە هەڵبژاردن و ململانێ نێودەوڵەتیەکان و ئەو دۆزانەی کاریگەریان لەسـەر چالاکی حکومەت هەیە، ئەرکی هاندانی تەواوە بۆ ڕەخنەگرتن لە واقعی سیاسی و ناوچەیی و جیهانی . (حنان حمادی ، خدیجە مالکي ، ٢٠١٩ ، ص ٢٢) نموونەیەکی ئەم جۆرە لە شێوەی (٩) دا بەدیدەکرێت .



شێوەی (٩)



شێوەی (١٠)


شێوەی (١١)

٢-کاریکاتێری کۆمەڵایەتی : ئەو کۆنتێکسـتە هاوبەشـە دەرئەخات کە خۆی لە نێو چوارچێوەی چەندین پرس و ناکۆکیدا دەبینێتەوە کە ناسـراون لە واقعی کۆمەڵایەتیدا، ئەم جۆرانە بابەتی بێ کۆتایین وەك (بەرتیل ، دابونەریتی کۆمەڵایەتی ، بێکاری، گەشەی دیمۆگرافی ، کێشەی تەڵاق ، ئاڵودەبوون بە مادەی هۆشبەر ، کێشەی تۆڕی کۆمەڵایەتی و ئەنتەرنێت.. هتد) ئەم جۆرە کاریگەریەکەی گاڵتەیەکی بە ئازارە زیاتر شـێوەیەکی (مۆراڵ) ئاکاری وەردەگرێت ، هەرچەندە بابەتەکانی هەمەجۆربێت و بۆچونەکان جیاوازبن بەڵام لە ڕاسـتیدا هەڵگری ئایکۆنێکە ئەبێتە هۆکاری پەروەردەیی و ڕۆشنبیری بۆ وەرگر . نموونەیەکی جۆرە لە شێوەی (١٠) دا بەدیدەکرێت .

٣-کاریکاتێری گەشـتیاری : پێشـی دەوترێت کاریکاتێری گەشـتیاری ، ئابووری ، بازرگانی دەرکەوتنی ئەمجۆرە بابەتەکانی خۆی لە بەرزبوونەی نرخی کاڵاو نزمەبوونەوەی کرێ و پارە و نەوت دا دەبینێتەوە لە هەمان کاتدا باس لە بابەتە گەشـتیاریەکان دەکات لەو وڵاتانەدا کە کاریگەری جوڵەی گەشـتیاری تێدا بەدیدەکرێت کە خاوەن میراتێکی کلتوری کۆنن و ئامانج لێی بازرگانیە چونکە تا کاریکاتێرەکان کڕیار زیاتر بهێننە پێکەنین جەماوەر و داهاتی مادی زیاتری ئەبێت .

٤-کاریکاتێری گاڵتەوگەپ و پێکەنین (فکاهي) : نیگارێکی کۆمیدیە خاڵیە لە ڕەخنە ئامانجەکەی پشت ئەبەستێت بە کاریگەری جۆشی پێکەنین و بابەتەکانی سنوردارن . (حنان حمادی ، خدیجه مالکي ، ٢٠١٩ ، ص ٢٢) ئەم جۆرە لە شێوەی (١١) دا بەدیدەکرێت .

**بەشی دووەم :توێژگەی دووەم : تەکنیك و ئامرازەکانی نیگارکێشانی کاریکاتێری دیجیتاڵ :**

نیگارکێشان کە دێرینترین فۆڕمی هونەری باوە لە هەموو شارستانێتیەکانی جیهان دا خەلك ئارەزوی کردووە بەڵام " لەگەڵ تەوژمی خێرای پەرەسەندنی زانستی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیادا بواری هونەری نیگارکێشان شۆڕشێك و پێشکەوتنێکی نوێی چاوەڕواننەکراوی بە خۆوە بینی ، کە هونەری دیجیتاڵ ناوەڕۆکێکی نوێی سەربارخست بۆ هونەری نیگارکێشان و پانتایی سنوری داهێنانی فراوانکرد و بووە نەوەیەکی نوێی هونەری بینەیی بەجۆرێك کە هونەری نیگارکێشانی دیجیتاڵی کردە (فاشیۆن) و مۆدێلی ئێستا لە تەك ڕێڕەوە گشتیەکەی هونەری نیگارکێشاندا" (Jingtao Cui, 2017, P1)

لە توێژینەوە بڵاوکراوەکانی نیگارکێشانی دیجیتاڵ دا کە بەردە ستن توانیویانە چەمکگەلێکی پڕ لە مانا بەدەرخەن بۆ نمونە توێژەری ئیتالی (دیانا تێرێسا) لە هەوڵێکیدا بۆ بەدواداچوونی ئەم چەمکە دەڵێت "نیگارکێشانی دیجیتاڵ وەك هەر نیگارێکی تر دادەڕێژرێت بەڵام لە ڕێی پێنوس یان پەڕەمووچی دیجیتاڵیەوە لەسەر ڕووی شاشەیەکی ئەلەکترۆنی ، یاخود نیگاری دیجیتاڵی ڕێگایەکە بۆ وەدیهێنانی کردەیەکی هونەریانە بە شێوەیەکی دیجیتاڵی ، و تەکنیکێکە بۆ دروست کردنی کارێکی هونەری لە ئامێری کۆمپیوتەردا " . (Diana Teresa ,2013 , P37)

لەکاتێکدا توێژەری بە ڕەچەڵەك ئەفریقی (سینثیا ئەی ئەگیمان) کە لە تێزی دکتۆراکەیدا کە لە کۆلێجی پەروەردەی پاتۆن لە زانکۆی ئۆهایۆ پێشکەشی کردووە بەم جۆرە دەڕوانێتە ئەم چەمکە کە " نیگارکێشانی دیجیتاڵ لە فۆڕمی هونەری جۆراوجۆر پێکدێت کە تێیدا تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی وەك ئامرازێك بەکاردەهێنرێت بۆ وەدیهێنانی کارە هونەرەیەکان " (Cynthia A. Agyeman, 2015 , P40)

هەروەها دەستەواژەکەی لەو بەشەدا کورت نابێتەوە بەڵکو پێشی وایە کە "نیگارکێشانی دیجیتاڵ کارلێککارە (Interactive) واتە کارو کاردانەوەی هەیە بەجۆرێك ڕێگە بە هونەرمەند دەدات کە لەگەڵ ئەوانیتردا بە هەرەوەزی کاربکات هەروەها هاوبەشی لە سیستمێکی نەرم و گونجێنەردا دەکات و لەهەمان کاتدا زۆر بەئاسانی ڕیگە بە گۆڕانکاریەکان دەدات لە پاڵ ئەوەشدا ئامێر و ئامرازە دیجیتاڵیەکانی دەتوانرێت بە پێی خواست و ئارەزووی و داواکاری کەسێك یاخود کۆمەڵەکەسانێك ڕێکبخرێت" (Cynthia A. Agyeman, 2015 , P41)

لە چاوپێکەوتنێکدا کە ئەنجام دراوە لەگەڵ پرۆفیسۆر ژۆنگ یانبو (Zhong Yuanbo)لە سکوڵی هونەری زانکۆی چنگدوی وڵاتی چین دەبێژێت " هونەری نیگاری دیجیتاڵی : هونەرێکی نیگارکێشراو و بەدیهێنراوی میدیای کۆمپیوتەرە کە لە پرۆگرامێکدا بەرجەستەکراوە و چاکراوە و ڕەگەزەکانی پێکهاتووە لە پیکسڵی بچوك کە بە کۆدکراوە لە فۆڕمی بینەیی گریمانەییدا پیشانی جەماوەر (Public) دەدرێتەوە " . (Jingtao Cui, 2017, P1)

لە تێگەیشتمنان بۆ ئەو بۆچونانەی پێشتر دەتوانین بڵێین کە ئەمڕۆ هونەری نیگارکێشان بە ژمارەیی (دیجیتاڵ) کراوە ئەویش لەڕێی بەکارهێنانی سیستمێکی کۆمپوتەرەوە کە نیگارکێشانی دیجیتاڵی لە ڕووە تەکنیکی و هونەریەکەیەوە کردۆتە وەشانێك یا (ڤێرژنێکی) نوێکراوەی هونەری بینەیی .

ئەو ڕونکردنەوەیەی کە نوسەری ئەمریکی (ڕۆبەرت سی بۆب پرتیکێن) کردوویەتی زۆر دروست و وردە کە دەبێژێت " هەموو کارە هونەریەکان کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی پرۆسەی ژمارەیی (Digits) دا بەدیهاتووە هەر لە نیگاری بە دەست و پەنجەکێشراو هەتا دواتر هونەری دیجیتاڵین " (Sutton,J , 2009 ,PP15-16)

ماوەتەوە بڵێین کە " هونەری نیگارکێشانی دیجیتاڵی وەك فۆڕمێکی نوێی هونەری بینەیی بۆتە ڕەوتێکی باو بۆ هونەری ئێستای نیگارکێشان کە دەتوانرێت بە بازنەیەکی فراوان لە بواری هەمەجۆردا بەکاربهێنرێت و بەتایبەت لە بە بازاڕکردنی کاری هونەری دا" (Jingtao Cui, 2017 , P. 2)

**پەیوەندی نێوان نیگارکێشانی باو (ترادیشناڵ) و نیگارکێشانی دیجیتاڵ :**

نیگارکێشانی دیجیتاڵ تێپەڕاندنی ترادیشن و زیادکردنی ژانرێکی دیکەبوو لە بواری زانیاری تەکنەلۆجی دا ، کە کۆمپیوتەر بووە ئامراز و ڕەگەزێکی یارمەتیدەر بۆ هونەرمەند لە کاری هونەریدا بۆیە "هەرباس و خواسێکیش دەربارەی ئەم چەمکە بە یاخیبوون دانانرێت بەرامبەر نیگارکێشانی باو و کەرەستە و ئامرازەکانیدا ، بەڵکو ئەو ویستەیە کە لەگەڵ نوێگەریدا دەسازێت ، بە شێوەیەکی بەرچاو سود وەرگرتنە لەتواناگەری تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو ، نیگاری دیجیتاڵیش لە نەبوونەوە دەرنەکەوت بەڵکو بابەتەکان و شێوە ستایڵەکانی لە هونەری باو (ترادیشناڵە) وە وەرگرت ، و دۆزینەوەی شێواز و تەکنیکی هەمەجۆریش بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاوە باهۆزێکی گۆڕانکاری کاریگەری هونەری لەسەر زۆربەی هونەرمەندان دروست کرد " (کلیش،فرانك : ٢٠٠٠،ص٢٥).


"لە ئێستا دا زۆرێك لە هونەرمەندان پشتیان بە ستووە بە ئامرازە دیجیتاڵیەکان چونکە تواناکانی نێوەندە باوەکان (میدیای ئاسایی) هاوتای میدیای دیجیاڵی نیە ، بەجۆرێك کۆمپیوتەر وەك ئامرازێکی هونەری هەڵگری توانایەکی گەورەیە دەتوانێت کە بەئاسانی گەشە بە فۆڕم و تەکنیکی هونەری نوێ بدات و ئەمەش ئەستەمە و نایەتەدی لە جیهانی ڕاستەقینەدا بەڵام کۆمپیوتەر کە ئامرازێکی یەکجار بەهرەدارە بۆ ئەرکی هەمەجۆر یەکێك لەو ئەرکانەشی داهێنانی هونەریە (Artistic Creation) توانای تێپەڕاندنی ئەو بەربەستانەی هەیە کە دێتە ڕێی هونەرمەند" . ( Chu (siu hang ,2007,P1

"جیاوازی نیگاری دیجیتاڵ لەگەڵ نیگارکێشانی باو (ترادیشناڵ) ئەوەیە کە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ بەکاردەهینرێت لە گوزارشتکردنی بیرۆکە و خەیاڵدا چونکە لە هەردوو بارەکەدا بەهەمان شێوە ئەزموون و هەستی دەوروبەر و تێبینیەکان دەنەخشێنێت بۆ کاری هونەری، لەڕووە تەکنیکیەکەشیەوە جیاوازی سەرەکی نێوانیان ئەوەیە بەیەك ئاراستە کارناکەن بەجۆرێك لە نیگارکێشانی دیجیتاڵ دا هونەرمەند دەتوانێت نیگاربکێشێت لەسەر چەند چینێك یا لەیەریك (Layer) هەروەها دەتوانرێت بژار و چاکسازی (Edit) بکرێت لە هەر لەیەرێکدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەڵام لە نیگارکێشانی باودا تەنها یەك لەیەر بوونی هەیە ئەویش ڕووی تابلۆکەیە ، دەتوانین لە کۆتایی ئەم بەشەدا

بڵێین سەرەڕای گۆڕینەوەی بۆیە بە پیکسڵ و فڵچەکان بۆ پێنوسی (Stylus) و ماوسی کۆمپیوتەر بەڵام هەست و درك و پێزانینی هونەرمەند وەك خۆی مایەوە نەگۆڕا لە هونەری دیجیتاڵی دا". (Farha Abrar , 2015,P54)

**ئامرازەکان و سوفتوێرەکانی نیگارکێشانی دیجیتاڵ** :

گەر بمانەوێت باس لە سەرەتای سەرهەڵدانی نیگارێکشانی دیجیتاڵ بکەین هەمیشە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرهەڵدانی مێژووی کەرەستە و ئامرازە تەکنەلۆژیەکانی نیگارکێشان و سیستم و سوفتوێرەکانی ئامێری کۆمپیوتەر چونکە لە گەشەکردنێکی زنجیرەییدا بەرجەستە دەبێت کەهەر قۆناغێکی بۆتە بناغە بۆ قۆناغی دواتر، یەکەمین زەمینەش بۆ ئەم ئەزموونە نوێیە " لە ساڵی (١٩٦٤) دا یەکەمین سیستمی نیگارکێشانی کۆمپیوتەر نمایش کرا بە ناوی سکێچ پاد (Sketchpad) ئەم دەستپێکەش بوە هۆی سەرهەڵدانی چەندین سۆفتوێری نیگارکێشانی هەمەجۆری وەك ( Corel photo paint , Meta Painter 3D , Adobe Photoshop Creation) و چەندینی تر کە ڕێگا بە بەکارهێنەری کۆمپیوتەر دەدەن لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر نیگاربکێشێت" . (G.Y.Annum,2014,P1)



شێوەی (١٢) ئیڤان سوزەرلاند

نمایشی بەرنامەی سکێچ پاد ئەکات لە ساڵی (١٩٦٤)

بەڵام "لە بەڵگە دۆکیومێنتەریەکاندا دەربڕینی گومانی هەندێك لە ڕەخنەگران پیشان ئەدات دەربارەی کارایی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وەك ئامێرێکی فرە میدیا (Multi Media) بۆ بەجێگەیاندنی نیگارکێشان لە سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا ، ئەو ڕەتکردنەوەیەش لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزرابوو کە هونەری نیگارکێشان ناتوانرێت لەسەر کۆمپیوتەر ئەنجام بدرێت چونکە ئامێرەکە وێنەیەکی ئەندازەیی (جیۆمێتری) ڕووکەش دروست دەکات و قوڵی تێدا نیە و بەها هونەریەکەی سنوردارە" (G.Y.Annum,2014,P2)

دەکرێت ئەم بۆچوونانە ڕاست بن بۆ کەم و کورتی کۆمپیوتەر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و سیستمە نیگارکێشانە سەرتاییەکان کە هەژار بوون لە داهێناندا، چونکە "شاشەی کۆمپیوتەرەکان لەو سەرەدەمەدا ڕەنگین نەبوون و تواناکانی دیاری کراوبوون بەڵام ئەو کێشانە کاتی و ڕاگوزەربووە و داهێنانەکانی مرۆڤ لە سنورێکدا قەتیس نەبووە بەڵکو دەسپێکێك بووە بۆ والاکردنی دەروازەیەك بۆ پێشبرکێ لە گەشەسەندنی کۆمپیوتەر و ئامرازەکانیدا بۆ نمونە (لە پرۆسەی پەرەسەندنی تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەردا لە کۆتایی ساڵانی (٧٠) دا بەهۆی دروستکردنی مایکرۆپرۆسێسەروە یەکەم کۆمپیوتەری کەسی (Personal Computer) بەرهەم هێنرا " ( Jingtao Cui, 2017, P5)

"پاشـــان کۆمپانیای ئەپڵی (Apple)ی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە داهێنەری بواری تەکنەلۆجیایە یەکەم ماوس و تەکنەلۆجیای ڕوکاری گرافیکی (Graphical interface technology) دروســـت کرد کە گونجاو بوو بۆ پرۆسیسی وێنەی فلات لە کۆمپیوتەردا" .(Farha Abrar , 2015,P60)

ڕەوتی پەرەســـەندنی پارچەکانی کۆمپیوتەر و بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری تاکەکەســـی (Personal Computer) پەیوەندیەکی پتەوەی هەیە بە داهێنانی نیگاری دیجیتاڵەوە چونکە لێرەوە هونەرمەند بووە خاوەنی کۆمپیوتەری خۆی کە ئەم ئامێرە بووە بزوێنەری داهێنانە هونەریەکانی لەگەڵ ئەوەشـــدا نەرمەکاڵاکان (ســـۆفتوێرەکانی) نیگارکێشـانی دیجیتاڵ پێویسـتیان بە خێرایی و ئەدای باشـی کۆمپیوتەر هەیە تا تایبەتمەندی باشـتر پێشـکەشـی بەکارهێنەرانی بکات و بتوانێ لە بواری هەمەجۆردا خزمەت بکات .

" لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیست دا هاوشان لەگەڵ دەرکەوتنی ئەپڵیکەیشنەکانی تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەردا ، هونەری نیگارکێشـــانی دیجیتاڵی لە دایك بوو کە توانرا بەهۆی زانســـت و تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەرەوە هونەرێکی نیگارکێشانی بێ خەوش و نمونەیی بەکاربهێنرێت لە جیهانی نوێ دا ، وەك نازدارێکی سەدەی نوێ لە پیشەسازیەکانی بواری فلم و پاکێج و بڵاوکراوە و کۆمیك و ئەنیمەیشن و ئیلوسترەیشن و یاریەکانی ئەنتەرنێت و چەندین بواری تردا بەکارهات " (Chu siu hang ,2007,P9) .

کۆمپیوتەریش بە تەنها ناتوانێت نیگارێکی دیجیتاڵیمان پێ ببەخشـێت تا ئامێر و کەرەسـتە و سـۆفتوێرێك نەبێت کە ئەم کارە ئەنجام بدات لێرەوە ئاماژە بە ئامێرو سۆفتوێرەکانی نیگارکێشانی دیجیتاڵ دەکەین :

**ئامێری تابلێتی گرافیکی (Graphic Tablets)** : " ڕەقە کاڵایەك و (Input) ێکی کۆمپیوتەرە واتە کاری تێکردنی زانیاریە و بوار بە نیگارکێش دەدات کە جوڵە و چارەســـەری گرافیکیانەی وێنەکان ئەنجام بدات لە ڕێی پێنوســـێکی تایبەتەوە کە هاوشـێوەی ڕێگا نەریتیەکەی نیگارکێشـانە هەروەك پێنوسـی ڕەسـاسـە لەسـەر کاغەز ، خاوەن ڕوویەکی تەختی قەبارە جیاوازە و شێوەیەکی چوارگۆشە یا لاکێشەیی هەیە و سەربەخۆیە لە شاشەی کۆمپیوتەر ، لە ڕێگای وایەرێکی (USB) وە دەبەســـترێتەوە و بەند دەکرێت پێوەی بەڵام هەندێك لە مۆدێلە نوێیەکانی بێ وایەرە و بە بلوتوس (Bluetooth) پەیوەندی دەبەستێت لەگەڵ کۆمپیوتەر دا " . (أمينە حمدي أحمد ، ٢٠١٤، ص ١٠)



شێوەی (١٣) Wacom Intuos Pro



شێوەی (١٤)Cintiq Creative Pen & Touch Display

تابلێتی گرافیکی پۆلێن دەبێت بۆ دوو جۆر : ١- جۆری یەکەم ڕوویەکی تەختی پلاستیکی هەیە پێنوسەکەی لەسەر بەکاردەهینرێت و هونەرمەند دەڕوانێتە شـاشـەی کۆمپوتەرەکە بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری وەك شـێوەی (١٣) . ٢-

جۆری دووەم شــاشــەیەکی ســەربەخۆیە کە خاوەن کوالێتیەکی بەرزی وێنەیە فرە تەچە و هونەرمەند ڕاســتەوخۆ لەسەر شاشەی تابلێتەکە کاردەکات بە پێنوسێکی پرۆفیشناڵ کە هەستیاری فشارکەی (Pen Pressure Sensitivity) لەسەر شاشەکە نزیکەی (٨١٩٢) هەستیاری هەیە وەك لە شێوەی (١٤) دیارە لەم ساتەدا تابلێتی خاوەن شاشەش هەیە کە خۆی کۆمپیوتەرێکی ســەربەخۆیە و پێویســتی بە بەســتنەوە نیە لەگەڵ کۆمپیوتەری دیکەدا وەك ( Wacom mobile studio pro) .

کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی تابلێتە گرافیکیەکان ژمارەیان زۆرە و لە ململانێدان لە پێشکەشکردنی ئادای باشتر و کوالێتی باشتر لە بازاڕە جیهانیەکاندا لە بەناوبانگرینیشیان ( Wacom , XP pen , Huion , Parblo , IPad Pro , Microsoft surface)

"هونەری مۆبایلیش پۆلێنێکی نوێیە لە ئەدای هونەری ئەم ساڵانەی دوایدا ، کە ڕەوتی گەشەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی ژمارەیەکی گەورە لە ئامێری مۆبایلی شــاشــەی تەچ (Touch-Screen) بە تایبەت بەرهەمەکانی (iOS) ی کۆمپانیای ئەپڵی ئەمریکی کە بەر هەمەکانی پێك دێن لە (IPhone – IPad Pro) کە هونەرمەندان دەتوانن لە ڕێیەوە هەرکاتێك بیانەوێ داهێنانی هونەری بکەن، گەر تەماشــا بکەین دەبینین زۆربەی مۆبایلە مۆدێرنەکانیش ئامێری دیجیتاڵین و خاوەن شــاشــەیەکی فرە تەچن (Multi-touch) بەجۆرێك شــاشــەکەی هەســتیارە کە بە پرۆســەیەکی دەســتلێدانی پەنجەکانەوە دەتوانرێت نیگاری پێ بکێشــرێت بۆیە زاراوەیەکی نوێ هاتەکایەوە کە نیگاری بەپەنجەکێشراوی مۆبایلە (Mobile Finger painting) " (Jingtao Cui, 2017, P5).



شێوەی (١٥): نیگارکێشان بە IPad Pro و Apple Pencil

بەردەوامی لە پێشــکەوتنی ئامرازەکانی نیگارکێشــان ڕێگای بۆ بەکارهێنەران خۆش کردووە کە نیگاری داهێنەرانە بکێشــن لە هەرکات و جێیەکدا بەبێ ئەوەی ببەســترێنەوە بەمێزی کارکردنەوە ئەمەش گۆڕانکایەکی باشــە بۆ نیگارکێشەکان و دیزاینەرەکان و خەلکی ئاساییش .

**تەکنیکی سۆفتوێرەکانی نیگارکێشانی دیجیتاڵ** :

ئێســتا پتر لە ســەدان بەرنامە و ئەپڵیکەیشــنی نیگارکێشــانی دیجیتاڵ هەیە بەڵام لێرەدا باس لە گرنگترین نەرمەکاڵاکانی نیگارکێشـانی دیجیتاڵ دەکەین کە دەتوانرێت نیگارێکی پرۆفیشـناڵی پێبکێشـرێت کە سـەرەکیترینیان

بریتیە لە : (بەرنامەی ئەدۆبی فۆتۆشۆپ (Adobe Photoshop)، كریتا (Krita) ، كلیپ ستۆدیۆ پەینت ( clip studio paint)، كۆرێل پەینتەر (Corel Painter)، پەینت تولْ سای (Paint Tool SAI)، ئارت ڕەیج (ArtRage) ، پرۆكریەیت (Procreate) ، میدیبانگ پەینت پرۆ (Medibang Paint Pro) و چەندینی تر)

" نیگاری دیجیتاڵی گونجاوە لەگەڵ میدیای نیگاركێشـــانی باودا وەك ئەكریلیك و ڕەنگی ڕۆنی .. هتد ، لە تەك ئەمەش دا نەرمەكاڵاكانی (Software) كۆمپیوتەر كانڤاس و كاغەزی جیاواز و پاڵێتی ڕەنگین و فڵچەی هەمەجۆری تێدا فەراهەم كراوە بۆ بەكارهێنان ". (Diana Teresa ,2013 , P38)

نەرمەكاڵاكان و ئەپڵیكەیشـــنەكانی نیگاری دیجیتاڵی پێكدێت لە چەندین تولْ و ئامرازی هەمەجۆر كە تەنها لە ئامێری كۆمپیوتەر و تابلێت و ئایپادە پێشـــكەوتووەكاندا بەردەســـتە هەر وەك تایبەت مەندیەكانی (ڕۆشـــنی Transparency ، جوان كێشـــی Symmetry ، شـــێواندن Distortion ، دووبارکردنەوە Repetition، تێكســـچەر Texture، شـــێوە نمونەییە ماتماتیكیەكان mathematician perfect shapes) هەمووی بەردەســـت كراوە بۆ بەكارهێنەرانی . (Diana Teresa ,2013 , P38)

لەوانەیە پرسیار بكرێت بۆ هەندێك لە هونەرمەندان ئامرازی دیجیتاڵی لا پە سەندترە تا لە میدیەمی نیگاركێشانی باو (ترادیشـــناڵ) ؟ وەڵامی ئەم پرســـیارە لە گرنگترین خاســـێتەكانی دا وەردەگرێتەوە كە پێشـــكەشـــی نیگاركێشـــی دیجیتاڵی ئەكەن ئەوانیش بریتین لە :

١- (پێویستی بە ئامادەكاری موادی پێشوەخت و پاكردنەوەی پاش كاری نیە .
٢- توانای گەڕانەوە (Undo) و دانانەوە (Redo) ی لێدانی فڵچەكانی هەیە .
٣- توانای هەڵگرتن (Save) سەیڤكردنی ماتریالەكانی هەیە .
٤- توانای سەیڤكردنی كاری هونەری هەیە لە قۆناغە جیاوزەكانی كاركردندا .
٥- بەهەموو فۆڕماتەكانی وێنە سەیڤ ئەكرێت بە هەموو قەبارەیەكی جیاواز .
٦- توانای تۆماركردنی ڤیدیۆیی و پیشاندانەوەی هەموو لێدانی فلچەكانی پێشتری هەیە .
٧- سیستمەكەی زۆر بە ئاسانی كۆنترۆڵ دەكرێت و نەرمی نواندنێكی زۆری هەیە (Flexibility) .

"لەوانەیە یەكەم هۆكار بۆ هونەرمەند كە نیگارێكی دیجیتاڵی بكێشـــێت توانای گەڕانەوە یان پاشـــگەزبوونەوە (Undo) بێت ئەم توانای (Undo) وا لە هونەرمەند دەكات هەست بە ئازادی بكات كە هەڵە زیاتر بكات و هانی بدات تا ئەزموونی زۆر و جیاواز بكات ، هەروەها " بۆیە و كاغەزی كواڵیتی بەرز گرانبەهان ، بەڵام لە نیگاری دیجیتاڵ دا تێچووی كەل و پەل و پێداویستی نیە ، هونەرمەند دووچاری كەمی لە ڕەنگەكان و تەواوبوونی نابێت ، ئەمەش تەواو هاوشـــێوەی كامێرای دیجیتاڵە كە خەڵك بە بێ دوودڵی چەندین فۆتۆ ئەگرن بەبێ ئەوە خەمی بە فیرۆدانی فلیمی كامێراكەیان هەبێت" .(Chu siu hang ,2007,P2)

"لەم ســـاڵانەی دوایدا ماڵپەرەكانی ئەنتەرنێت كە پشـــتگیری نیگاركێشـــانی دیجیتاڵ دەكات بە شـــێوەی ئۆنلاین گەشـــەیانســـەند ، كە بەكارهێنەر دەتوانێت وێنەی دیجیتاڵی بكێشـــێت لەڕێی ســـۆفتوێرێكەوە كە لەســـەر ســـێرڤەرێك

جێگیراکراوە لە ماڵپەڕی ئەنتەرنێتدا بەڵام ئامراز و فڵچەکانی سـنوردارن لە چاو نەرمەکاڵاکانی تردا "( wiki/Digital (painting


**تەکنیکی کاریکاتێری دیجیتاڵ :**

"سیستمی گرافیکی کۆمپیوتەر پێویستی بە کۆمەڵێك لێزانی و کارامەیی و کارزانی جیاواز هەیە بۆ دیزاینکردنی کاریکاتێر بە بەراوردکرنی لەگەڵ ئەو کاریکاتێرەی لەسـەر کاغەز دروسـت دەکرێت، بەواتایەکی دیکە پێویسـتی بە زانیاری و مەعریفەیەکی پێشکەوتووە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی پرۆگرامەکە بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا هەندێك هەوڵ دراوە بۆ بەرهەمهێنانی کاریکاتێر بە شـێوەیەکی خۆکارانە (تۆتۆماتیکیانە) یان نیمچە ئۆتۆماتیکی ئەویش دیزاینکردنی سـیسـتەمێك بوو لە لایەن (Akleman et al) کە ئامێری یان ئامرازی (Warp) ی فەراهەمکرد کە هەڵدەسـێت بە بەرهەمهێنانی خێرای کاریکاتێر لە پاش ئەمە ژمارەی ئەو نەرمە کاڵا و ئەپلیکەیشـنانە لە زیادبووندایە کە دیزاینکراون بۆ بەدیهێنانی کاریکاتێر بە شـێوە یەکی خۆ کارا نە " ( E. Akleman, J, Palmer, R. Logan,2000,pp.165-170) ئامرازی وارپ ئێستا لە زۆربەی بەرنامەکانی چاککردنی فۆتۆ و کاریکاتێرکاندا هەیە وەك لە شێوە نمونەی (١٦) دا بەدیدیکرێت



شێوەی (١٦)

تەکنیکە دیارەکانی نیگاری دیجیتاڵ لە توێژگەی دووەمی نیگارکێشـانی دیجیتاڵدا ئاماژەی پێدراوە کە بریتیە لە توانای پاشـگەزبونەوە لە هەر کردەیەك کە هونەرمەند ئەنجامی دەدات و کارکردن لەسـەر چەندین لەیەر و چینی جیاواز و دابین کردنی هەموو جۆرە فڵچەیەکی جیاواز کە خۆ لە ڕەنگی ڕۆنی و ئاوی و ئەکریلیك و قەلەمی هێلکاری و پاستیل وەك شـێوەی (١٧) و شـێوەی ئۆرگانی و فۆرمە جیۆمێتریە دیزاینکراوەکان و چەندینی تر پێك دێت کە بێ سـنورە لە دابین کردن و زیاد کردنی هەر فلچە و سـاوێك (ملمس) و کاغەزێك لە تەك ئەمانەشـدا ملیونان ڕەنگی فەراهەمکردووە هەروەها قەڵەمی ئەم ئامرازە دیجیتاڵیانە توانای دانانی هەموو تۆنە جیاوازەکان و گەورە و بچوکی قەبارەی فڵچەکانی هەیە بێجگە لە توانای بڕین (Cut) و دانانەوە(Paste) و گەورە کردن و بچوك کردنەوەی فۆرم و گۆڕینیان بۆ چەندین فلتەری جیاواز، بۆیە تەکنیك و تایبتمەندیەکانی هێندە زۆرن لە باسـکردن نایەت و هەموو ئەم تەکنیکانە بەردەسـتن لەبەردەم هونەرمەندی کاریکاتیر دا تا کارە کاریکاتیرەکانیان لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئەنجامبدەن.




شێوەی (١٧)



شێوەی (١٨)



شێوەی (١٩)

"تەکنیکی کاریکاتێریســـتە دیجیتاڵیەکان ئەوەیە کە ســـیما فیزیکی و ڕەمزییەکانی بابەتەکەیان گەورە بکەن و لایەنەکانی تر ســـادە بکەنەوە و پرۆســـە هونەریەکەیان تێکهەڵکێشـــێك بێت لە داڕشـــتنی نیگار و تێکســـت و هێما و گەڵتەئامێزی لە هەمان کاتدا نیگارکێشـانی دیجیتاڵ بەرگێکی ڕیالیسـتی بوونی کردەوە بە بەری کاریکاتێردا کە لە زۆر ســـاکاریـەوە هێنـایـەوە جیهـانێکی واقعی پشـــتبـەســـت بـە ئـاســـانکـاری تـەکنیکـە دیجیتـاڵیـەکـان" ( Dafina Genova,2018,pp85-99) هەروەك لە شێوەی (١٨) دا بەدەدکرێت .

"هونەرمەندە کاریکاتێریسـتە دیجیتاڵیەکان فۆکس دەخەنە سـەر لایەنی جوانیناسـی وێنە و ڕاکێشـانی سـەرنجی وەرگر بۆ بەدەمەوەچوونی جوانیە چاوەڕوانکراوەکان ، سادەیی ئەمجۆرە کاریکاتێرانە مەودای ئاڵۆزی کێشە سیا سی و کۆمەڵایەتیەکان پیشان ئەدات لە لایەن کاریکاتیریستەکانەوە "(Rhonda Walker,2003,pp.16-21)

"تەکنیکی کاریکاتێرە سیا سیەکان دەبێت بە جۆرێك بێت کە گوزار شت بکات لە وێنەیەك کە کاریگەری هە ستیاری هەبێت و لە کاتێکی کەمدا جێبەجێ بکرێت" (Émile Bayard,1996,p16) " ئا مانجی نیگارکردنی ناوەڕۆك یا ڕووداوی بابەتێکی سـیاسـی بێت ، هاوکاری دەکات لە کۆکردنەوەی سـامانێك لە زانیاری سـیاسـی بۆ ئەوەی بگات بە بینەری گشتی" (Josh Greenberg, 2002, p.198) هەروەك لە شێوەی (١٩) دا بەدەدکرێت

**ئاماژە تیۆریەکانی چێوەی توێژینەوە** :

١- ژێدەری بەرایی هونەری کاریکاتێر لە نێو مێژووی هونەری شێوەکاریدا، وەك ژانرێکی گوزار شتگەرای کاریگەر ڕۆچۆتە نێو قوڵایی هونەری شـارسـتانیەتە دێرینەکانەوە بە ئەوهایەك فۆڕمەلەکردنی وەك هونەرێکی سـەربەخۆ لە میانی ســـەردەمی ڕێنەســـانســـەوە گەشـــەدەکات کە دیارترینیشـــیان لە هێڵکاریە دەربڕینخوازیەکانی داڤنشـــی دا دەردەکەوێت وەك شێوەی (٤) کە ناسراو بە دێوەزمەناشرینەکان .

٢- هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و بەرەوپێشچوونی تەکنیکی وە شاندن و پەخشی ڕۆژنامەگەری و داهێنانی چاپەمەنی، هونەری کاریکاتێر وەك نمایندەیەکی مۆدێرن بووە ئامرازێکی بڵاو و پڕ لە شـێوازی ڕەخنە و بگرە گاڵتەجاڕی لە هەمبەر هەژموونی خوا ستی فیوداڵیزمی پا شا و تەنانەت جلەوگیری کڵێساکان و بەئاگاهاتنێکی هزری و ئەندێشەیی و ڕامیاری لە نێو کۆمەڵگەدا بڵاوکردەوە .

٣- لە ئێستای ژیاری هەنووکەیشدا توانستی باڵای تەکنیکە دیجیتاڵیەکان بەهرەمەندی و خەیاڵدانی هونەرمەندی لە ڕووی فۆڕم و تەکنیکی خســتنەڕووی بێســنورەوە وەها باڵا کردووە کاریکاتێریســت لەســەر چەند چینێك (Layer) کاربکات و لە هەر بەشێکیشدا بژار و چاکسازی (Edit) بکات .

٤- لە ساڵانی نەوەدەکان بەدواوە تەکنیکی خستنەڕووی نیگارکێشانی دیجیتاڵی نیگارێکی چۆنایەتی بێخەوش و نمونەیی نەخشـاند کە لە پیشـەسـازیەکانی بواری فلم و پاکێج و کۆمیك و ئیلوسـترەیشـن و یاریەکانی ئەنتەرنێتدا بەکارهات .

٥- تەکنیکی باڵای بەدەرخستنی ئامێرە تابلێتەگرافیکیەکان ئاستی تەکنیکە فەنتازیەکانی نیگارکێش و کاریکاتێریست فراوان دەکات لەڕووی جوڵە و چارەسەری گرافیکیانەی وێنە و فۆڕم و تابلۆکان لە میانی بەکاربردنی پێنوسێکی دیجیتاڵی ئەفسوناویەوە کە خۆ لە (٨١٩٢) پلەی هەستیاری دەدات.

٦- توانستی زیرەکانەی تەکنیکە دیجیتاڵیەکان خەسڵەتی وەبەرهێنان لە ڕووی (کەرەستە) و (کات)ە وە بۆ هونەرمەند فەراهەم دەکات کە سنووری کەرستە باو ترادیشنەکان تێدەپەڕێنێت سەرباری ڕەتکردنەوەی چەمکی باوی (شوێن) و نمایشی نێو گەلەریەکان چونکە نیگارەدیجیتاڵیەکان لە کۆمپیوتەر و پێگە ئەلەکترۆنیە گریمانەییەکانی ئەنتەرنێت دا بوونیان هەیە .

٧- بەرنامە و سۆفتویرەکانی نیگارکێشانی دیجیتاڵ هەموو ڕووە جۆراوجۆرەکانی کانڤاس و کاغەز و کانسن فەراهەمدەکات لە پاڵ سەدان فلچە و بۆیە جیاوازەکانی وەك (ڕەنگی ڕۆنی و ئەکریلیك و ئاوی ... هتد) خزمەتگوزاریەکانی هەر لەمانەدا کورت نابێتەوە بەڵکو ئامراز و فلتەرەکانی وەك (ڕۆشنی و جوانکێشی و تیکسچەر و شیواندن ...) دەگرێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی هونەرمەند ئاسانکاری بۆ کراوە لە هەموو کردەیەکی پێشووی پاشگەز بێتەوە (Undo) و یا دایبنێتەوە (Redo) بە ئاسانترین شێوەش هەموو فۆتۆ و کارێکی هونەری (Save) دەکات و ئەپارێزێ بە هەموو قەبارە و فۆڕماتێکی جیاواز بەڵام باشترین تولێك کە بۆ کاریکاتێر فەراهەمکرا ئامرازی وارپ (Warp) بوو کە زۆر بە سانایی فۆتۆ دەگۆڕێت بۆ کاریکاتێر .

**بەشی سێهەم : بەجێهێنانی توێژینەوە**

١- **کۆمەڵگەی توێژینەوە :**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە تابلۆکانی هونەرمەندان (هاوارد مەکویلیام، ڤالانتین چیبریت، جەیسن سایلەر ، یوسوکی ماتسومۆتۆ) کە بەرهەم هاتووە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢٠) دا ، لەبەر زۆری ژمارەی تابلۆکان توێژەر (٤) تابلۆی لە کارەکانی هونەرمەندان هەڵبژارد چونکە بەناوبانگترین کاریکاتیریستی دیجیتاڵی ڕۆژنامە و پێگە دیجیتاڵیەکانن .

٢- **نمونەی توێژینەوە :**

هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە کە بەگوێرەی شێوازێکی سنوردار و بە مەبەست کراوە کە بگونجێت لەگەڵ ئەو گوتارەی کە لە تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگە بنەڕەتیەکەیدا هەیە ، هەرچۆن هاوتەریبێت لەگەڵ ئەو مەرجانەی کە دەبێت لە نمونەی توێژینەوەکەدا هەبێت ئەویش لە بەر دوبارە نەبونەوە و وردبینی لە بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەدا .

٣- **ئامرازی توێژینەوە :**

لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و دۆزینەوە و دەرخستنی خواست و تایبەتمەندێتیەکانی تەکنیکی نیگارکێشانی دیجیتاڵی لە نێو هونەری کاریکاتێری دا ، توێژەر پشتی بەستووە بەو پێوەرە ئاماژەییە هونەری و

ئیستاتیکی و بابەتیانەی کە لە کۆتایی کۆبونیادی چوارچێوە تیۆریەکەدا پێی گەیشتووە بە جۆرێك کە ئامرازێك بن بۆ ئەم توێژینەوەیە و بە میکانیزمێك کە پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری دەبەستێت بەم جۆرەی لای خوارەوە :

ا- چاوپیاخشاندن ، ب- تەکنیکی کۆمپۆزشن و خستنەڕوو ، ج- ژێدەر و ناوەڕۆك .

٤- **ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان** :

أ-توێژەر پشتی بەستووە بەو کارانەی لە گۆڤارە هونەری و ڕۆشنبیریەکاندا چاپ و بڵاو کراونەتەوە و باس لە هونەرمەندان دەکەن چونکە بەشێك لەم هونەرمەندانە کاریکاتێریستی گۆڤارە جیهانیە بەناوبانگەکانن .

ب- توێژەر پشت بەست بووە بە جۆرەها سەرچاوەی جیاواز وەك ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی تایبەت بە هونەرمەندان و پەیجی سۆشیال میدیا کە کاری هونەرمەدانیان نمایش کردووە و دیتەیڵی دروستیان لە سەر نمونەی کارەکانیان بڵاوکردۆتەوە چونکە نمونە کاریکاتێرەکان دیجیتاڵین و لە وێب سایت و پەیج و پێگە ئەلەکترۆنیە هونەریەکاندا بڵاوکراونەتەوە .


ج- توێژەر چاوگێڕانێکی وردی بەو چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیانەدا کردووە کە لە گەڵ ئەو هونەرمەندانەدا ئەنجامدراوە .

٥- **میتۆدی توێژینەوە** :

توێژەر (میتۆدی وە سفی شیکاری) وەك میتۆدێ بۆ تۆێژینەوەکە بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی کارە هونەریەکان ، لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ئەو لێکچوون و جیاوازی و دژانەیە کە لە (تەکنیکی نیگارکێشانی دیجیتاڵی لە نێو هونەری کاریکاتێری دا) هەیە ، سەرباری ئەوەی ئەم میتۆدە گونجاوترین میتۆدی زانستیە بۆ گە شتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە .

**لێکۆڵینەوەی وەسفی شیکاریە بۆ شێوە نمونەکانی توێژینەوەکە** :

شیکاری شێوەنمونەکان بەجۆرێکن هەر تابلۆیەکی بەجیا و سەربەخۆ شیکار دەکرێت بە مەبەستی دیاریکردنی تەکنیکە هەمەجۆرەکانی شیکاری .




| نمونەی (١) | |
|---|---|
| ناوی هونەرمەند | Howard McWilliam<br>هاوارد مەکویلیام |
| ناونیشانی تابلۆ | بێ ناو |
| ساڵی بەدیهێنان | ٢٠١٤ |
| تەکنیك و ئامرازی بەکارهاتوو | نیگارکێشانی دیجیتاڵ بە ئامێری واکۆمی سنتیك |
| پێوانەی تابلۆ | (٢١ x ٢٩,٨) سم |
| خاوەندارێتی تابلۆ | گۆڤاری<br>(The Week) |

**چاوپیاخشاندن :**

لە تێڕامانێکی دیمەنی بینەیی کارە هونەریەکەدا کە بەرگی یەکەمی گۆڤاری (The Week) ی نێودەولەتی ئەمریکی پێ ڕازاوەتەوە، کە ئەمەش تەکنیك و کەرەستەیەکی جوانکاریە بەکاردێت بۆ سەر ڕووی ڕۆژنامە و گۆڤارە سیاسیەکان، لەم بەدیهاتووە کاریکاتێریە دا هەردوو کارەکتەری سیاسی (باراك ئۆباما) دەکەوتە لای ڕاست و (نوری مالکی) دەکەوێتە لای چەپی و سەنتەری کارەهونەریەکەوە لە بەردەمیاندا گۆزەیەکی سەوزباوی شکاو بە هەژمونی قەبارەیەکی گەورە دەکەوێتە بەردەمی هەردوو فیگەرەکەوە کە نەخشەی وڵاتی عێراقی بە ڕەنگی شین و چوارچێوەکەی بە ڕەنگی سپی لەسەر نەخشێنراوە و بەنوسین ئاماژە بە شارەکانی موسڵ و کەرکوك و تکریت و بەغداد و بەسرە دراوە و دەسکێکی هەیە و لە ملەکەیدا ئاڵای عێراقی تێدا بەدیدەکرێت و چەند هێڵێکی ئەندازەبەندی پەڕپەڕە بە ڕەنگی ڕەساسی دەکەوێتە دامێنی ئاڵاکەوە و چەند پارچەیەکی گۆزەکەش کەوتۆتە سەر خاك و خۆڵەکە کە بە هەردوو دیودا کەوتوون خۆ لە ڕەنگەکانی سەوز و خاکی دا دەبینێتەوە ، هونەرمەند بە تەکنیکێك بونیادی جەستەیانی دیزاینکردووە کە دابەش دەبێت بۆ چەندین ڕەگەز و ئاماژە ، وەك زیادەڕەویکردن لە گەورەیی قەبارەی سەریان لە چاو پێوانەی ئەناتۆمی جە ستەیاندا ، هەردوو فیگەرەکەش قاتێکی شین و کرا سێکی سپیان لەبەردایە و بۆیمباخی ئۆباما شینە و ئەوەی مالیکی سورە و هەردووکیان بە ئاماژەیەك دەستیان خستۆتە کەمەریان وەك دەسکی گۆزەکە ، ئەوەی سەرنجمان پەلکێشدەکات بۆخۆی ئۆباما سەری لەسەر لایە و بە توڕەیی و بێهیوایەکەوە ڕەوانیویەتیە مالیکی بەڵام مالیکی بە دە ستەو سانی و دژواری و نائا سودەییەوە تەما شای گۆزەکە دەکات کە شکاوە، لای چەپەوە و بە دوریەك ئۆتۆمبیلێکی سەربازی عێراق لە جۆری هەمەر تێك شکاوە و گڕی گرتووە دوکەڵە ڕە سا سیەکەی بەرەو لای ڕاستی سەرەوەدا ئاراستەی گرتووە ، لە پشتیشەوە بە پێرسپێکتڤێك و دووریەك چەند باڵەخانەیەك بەدەیدەکرێت ، بە تایتڵ و ناونیشانێکی گەورە لە سەر بەرگی گۆڤارەکە لە بە شی سەرەوەی لای چەپی نو سراوە (ئایا عێراق تێك شکاوە ؟ ئەو بڕیارانەی کە جەنگی شیعە و سونەی بەرەو هەڵگیرسان برد) .


**تەکنیکی کۆمپۆزشن و خستنەڕوو :**

سیستمی بونیادنراوی کارە هونەریەکە لە سەر چەند جوڵەیەکی ستونی و نیمچە بازنەیی دامەزراندوە کە بار ستە سەرکیەکانی لە شێوەی پیتی (U) ی ئینگلیزی دەچێت و داڕشتنەکەی بە تەکنیك و پرەنسیپێکی ئەکادیمی وەها داڕشتووە کە هەموو بانتایی و فەزای کارەکە دراسە کراوە و ڕەهەندی قوڵی و مەودای پێرسپێکتڤی تێدا بەدیدەکریت بە تایبەت لە ئۆتۆمبیلە سوتاوەکە و باڵەخانە و ستونە کارەباییەکان و دارخورماکەدا کە هیچ سپەیسێکی جێنەهێشتووە کاری تێدا نەکردبێت کە ئەمەش لە تەکنیکی تابلۆ زەیتیەکان دەچێت کە پڕن لە وەردەکاری و بەرجەستەکردنی ڕەهەندی سێهەم و نزیکی کردۆتەوە لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی سینەمایی و ئەم کۆمپۆزیشنە بەجۆریکە فۆکسی چاو جێگیر دەکات لەسەر گۆزەکە چونکە هەژموونی بارستەیەکی گەورەی پێداوە و هێڵەکانی بینینیشی خستۆتە سەر تێکشکانی نەخشەی جوگرافیای سیاسی عێراق، بەڵام لەڕووی تەکنیکی خستنەڕووەوە تەکنیکی شێواندن و زیادەڕەوی ئەناتۆمی بەکاربردووە لە نێوان گەورەیی قەبارەی سەر و بچوکی جەستەیاندا و مامەڵەیەکی

تایبەتی لە گەڵ تەکنیکی هێڵدا کردووە کە پێرسپێکتڤی هێلە تۆخەکانی کۆی فیگەر و ڕەگەز و توخمەکانی بەرجەستەکردووە ، لە بنیاتنانی تەکنیکی ڕەنگیشدا زیاتر پشتی بە ڕەنگەکانی (ڕەش و سپی و شین و سور و زەرد و خاکی و پرتەقاڵی و قاوەیی و سەوز و ڕەساسی ) بەستووە کە تەکنیکی فڵچە دیجیتاڵیەکان هەموو تێکسچەرکانی شەفافی دوکەڵ و وەشاندنی فلچەی خێرای کراسەکان و تەکنیکی ساوی خاك و خۆڵ و پێست و درەوشانە و ڕوناکیەکانی سەر شوشەی گۆزکەی پێ ئەفرێندراوە هەموو ئەمانە ڕەنگە نەتوانریت بە ماتریاڵی ئاسایی ئەو تەکنیکانە بەرجەستە ببن ، هەروەها تەکنیکی دیزاینی گۆڤارەکە کە تایتڵی گۆڤارەکەی تێکەڵ کردووە بەکارە هونەریەکە کە سەری ئۆباما چۆتە سەر پانتایە شینەکەی تایتڵەکە دیزاینێکی ئیستاتیکی گۆڤارەکانە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر .

**ژێدەر و ناوەڕۆك :**

دوای پرۆسەی ئازادی کە ئەمریکا عێراقی ڕزگارکرد لە دەسەڵاتی دیکاتۆری ڕژێمی لەناوچوو بەمەش هەلومەرجێکی مێژوویی نوێی دیموکراسی ڕەخساند کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە هاوبەشی دەستورێکیان نووسییەوە تا نمایندەی مۆزایکێکی دەسەلاتی نوێی عێراق بکەن بەڵام پاش ئەوەی (نوری مالکی) بووە دەوڵەتمەدار و سەرۆك وەزیران زیاتر لە بازنەیەکی تائیفی دا خولی دەخوارد و سونەکان تۆمەتباریان دەکرد بەوەی کە ناوچەکانیان بە مەبەست و بڕیاری ئەو فەرامۆش کراوە و لەژێر زوڵم و زۆر و سڕینەوەی تائیفیدا دەژین هەروەك لە نەخشەکەشدا ئاماژە بە موصڵ و ناوچە سونەنشینەکان دراوە بۆیە جیاوازیەکان گۆڕا بۆ دژایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری لەسەرجەم پارێزگا سونەنشینەکاندا تا بوە هۆی پشێوی و سوتانی ئۆتۆمبیلی سەربازی و دابەشبوونی ئەو پێکهاتەیە بێجگە لە دەستێوەردانی دەرەکی وڵاتانی ئیقلیمیش کە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی خوڵقاند کە بووە هۆکاری تێکشاندنی نەخشەی سیاسی و هێزی سەربازی عێراق و دامەزراندنی خەلافەت ، لەم گۆشەنیگایەوە هونەرمەند بەشێوازێکی گاڵتەئامێز لە هەمان کاتدا تەعبیریانە ئاماژە بە فاکتەری ئەو قەیرانە قوڵە تائیفی و بڕیارە هەڵانە دەکات کە زیانی گەورەی بە گەلانی عێراق گەیاندووە، لێرەوە کاریکاتێری دیجیتاڵ لە سەر بەرگی گۆڤارەکان بۆتە سەکۆیەك بۆ ڕەخنەگرتن لە هەموو کەسایەتیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە یاساش ناتوانێت بەرەنگاریان ببێتەوە چونکە فەرمانڕەوا دەتوانێت ببێتە هەوێنی کۆکردنەوەی جیاوازیەکان و ئاشتی و سەقامیگیری کۆمەڵایەتی لە هەمانکاتشیدا بەرپرسیارە لە دژواری سیاسی و قەیرانی نەژادی و تائیفی .




| نمونەی (٢) | |
|---|---|
| ناوی هونەرمەند | Valentin Chibrit<br>ڤالانتین چیبریت |
| ناونیشانی تابلۆ | مایکل جاکسن |
| ساڵی بەدیهێنان | ٢٠١٦ |
| تەکنیك و ئامرازی بەکارهاتوو | نیگارکێشانی دیجیتاڵ بە ئامێری واکۆمی ستنیك |
| پێوانەی تابلۆ | (٢١ x ٢٩,٨) سم |
| خاوەندارێتی تابلۆ | پێگەی هونەرمەند لە فەیسبووك<br>https://www.facebook.com/valentin.chibrit |

**چاوپیاخشاندن :**

لە تەکنیکی فۆرمەلەکردنی رووکەشە دیجیتاڵیەکە و لە پانتایی فەزایەکی شین باودا فیگەری دیار و پاشای گۆرانی پۆپی ئەمریکی و جیهانی (مایکل جاکسـن) بەدەردەخات ، کە خاوەن قژێکی درێژ و شـەپۆلدار و خاوە و ئەم پرچە درێژبۆتەوە سەرشانەکانی ، تەکنیکی رواڵەتی شێوێنراوی بە جۆرێك وێناکراوە کە بە هەژموونی قەبارەیەکی گەورە دەکەوێتە سـەنتەر و چەقی تابلۆکەوە و بە خسـتنەڕوویەك توخمەکان و ئەندامە ئۆرگانیەکانی دەمووچاوی دابەش کردووە بە سەر دوو بەشی سەر و خوارەوەدا ، لە بەشی سەرەوەی دەمووچاویدا هەردوو برۆی لە بەرزی و بە شێوەی چەماوەیەکی سـێگۆشـەیی بە ڕەنگی شـین نەخشـێنراون لەژێر ئەویشـدا زیادەڕەویەکی زۆر لە گەشـی و کردنەوەی چاوەکانیدا لە شـێوەی چاوی ماسـیدا پەڵکێشـمان دەکات بۆ خۆی و بەچەند هێڵێکی قاوەیی سـورباو لوتی بە قەبارەیەکی بچووك بەرجەستەکردووە کە جوڵاوە بە ئاراستەی لای چەپیدا ، ئەوەی جێی سەرنجە دوو هێڵ لە ئێسکی کوڵمیەوە راسـتەوخۆ شـۆڕدەبنەوە بۆ چەناگەی بەمەش شـێوەیەکی لاوازی ڕوخسـاری پێ بەخشـیووە ، لە بەشـی خوارەوەی رووخسـاری دا دەمی زۆر بە گەورەیی بە کۆمەڵێك ڕەنگی سـورباو دروسـتکراوە کە هێڵێکی تۆخی ڕەش قوڵایی دەمی دیاری دەکات لە سـەریشـەوە سـمێڵی لە شـێوەی ڕەنگی تورکوازدا بە چەند لێدانێکی فڵچە بەسـەر هەر دوو لای چەپ و ڕاستدا بۆ خوارەوە ئاراستەیان گرتووە ، لە بەشی خوارەوەی تابلۆکەدا بەشێك لە چاکەتەکە ڕشەکەی چەند هێما و پەڵە ڕەنگێك کە ڕەنگەکانی شین و سپی و سەوزی لە خۆ گرتووە و مل و دەستی ڕاستی دەرکەوتووە کە مایکێکی ڕەشـی بە دەسـتەوەیە و چەند هێڵێکی سـپی تیدایە هەروەها دەسـتکێشـێکی لەدەسـتدایە کە بە تەکنیکی بانزنەیی نقێمەکانی بەرجەستەکراوە .

**تەكنیكی كۆمپۆزشن و خستنەڕوو :**

تەكنیكی گشتی كۆمپۆزیشنی كارەكە، مۆركێكی تەعبیری وەرگرتووە ، كە هونەرمەند زۆرترین وە شاندنی فڵچەی ئازاد و پیادەی ئیســتاتیكای تەكنیكی نزیك لە تابلۆیەكی فوفیزم بەرجەســتە دەكات ، دیارە ڕۆڵی فڵچە جۆراو جۆرەكانی (ڕۆنی و ئەكریلیك و قەڵەم) لە نیگاری دیجیتاڵی بەرنامەی ئارت ڕەیج (Art Rage) دا لەگەڵ ڕەنگە پاكیزە بێ خەوشــەكانی توانیویەتی كاراییەكی تەواو بدات بە ڕەهەندی تێكســچەر و توانا تەكنیكیەكانی كە هاوشــانبێت لەگەڵ هەژموونی توانا تەكنیكیەكانی كەرەســتەی زەیت و ئەكریلیكی ئاســاییدا ، هونەرمەند لە میانی بەكاربردنی فڵچەی پان و شــەفاف و هەروەها هێڵی باریكەوە دیقەت و وردەكاری لە ڕووخســار و جەســتەیدا بەجێبهێڵێت كە بە ڕەنگە پیورەكانی (ئۆكەر و قاوەیی و پرتەقاڵی و توركواز و سور و ڕەش و شین و سەوز و سپی) ئاهەنگێك لە ڕەنگی بەكاربردووە كە هەر لە ئاهەنگەكانی (مایكل جاكســن) بچێت بۆیە بەكارهێنانی پەرمووچی بوێرانەی ڕەنگاڵەیی و ڕەنگی بەهێز و شــوێنەواری فلچە لە باگراوەندە شــینەكە و دانانی هێڵی تیژ و خێرا لە قژ و ملی دا دەرئەنجامی هەڵچوونە تەعبیریەكانیەتی كە تەقاندنەوەیەكی ڕەنگی پێشــەكەش كردوە ، ئەم بەكاربردنی تەكنیكە دیجیتاڵیە بارگاوییە بە ئیستاتیكا و ڕەهەندی تەعبیری پڕ لە بوێری و ڕەچە شكێنی و ئەفراندنی ڕوكە شێكی پڕ لە بزاڤی ڕەنگ و هێڵەكان .

**ژێدەر و ناوەڕۆك :**

ڕوخســاری نامۆی (مایكل جاكســن) ئەو ژێدەرەیە كە هونەرمەند (ڤالانتین چیبریت) ویســتویەتی كارەكەی خۆی لە سەر بنیات بنێت چونكە كەسایەتی جاكسن هەڵگری سیمایەكی كۆمەڵایەتی و هونەری و جیهانی موزیكە كە پێگەو ناوبانگ و كاریگەریەكی گەورەی لە سەر هونەری پۆپ و سەمای بەریك و كۆی ستایلی گۆرانی جیهانی و هەوادارەكانی هەبوو وە لە هەمان كاتدا فۆرم و ڕوخساری جاكسن پاش نە شتەرگەریەكی زۆر لە ڕوخسارو سپیكردنەوەی پێستیدا

| نمونەی (٣) | |
|---|---|
| ناوی هونەرمەند | Jason Seiler<br>جەیسن سایلەر |
| ناونیشانی تابلۆ | گەشتی ترەمپ |
| ساڵی بەدیهێنان | ٢٠١٧ |
| تـەكنیـك و ئـامرازی بەكارهاتوو | نیگاركێشــانی دیجیتاڵ بە ئامێری واكۆمی سنتیك |
| پێوانەی تابلۆ | (٣٨ x ٤٧,٦٦) سم |
| خاوەندارێتی تابلۆ | https://jasonseiler.com |



ببوە جێی ســـەرنجی بینەر و وەرگر و هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە جیهانیەکان بۆیە بە کۆپیکردن و وێناکردنی ڕواڵەتی تۆوی ناوەڕۆکی کاریکاتێرەکەی چاندووە بە ســتایلێکی گاڵتەئامێز هەنگاوی بەرەو ئاراســتەی زێدەڕۆییکردن و زەقکردنەوە و شــێواندنی ڕوخســـاری کاریگەری گاڵتەکەی قوڵتر کردۆتەوە ، بزاڤی دیجیتاڵی ڕەنگاڵەیی ڕەنگە نەخشــێنراوەکان، بارگاوییە بە لایەنی ســایکۆیی پڕ لە هەژانی جاکســۆن و فرەجوڵەیی لە ڕیتم و ســەما و ئاوازە هەمەجۆرەکانی .

**چاوپیاخشاندن :**

لە ڕوانینێکدا بۆ وەدیهاتووە هونەریەکە پانتاییەکی ســپیپۆش دەبینین کە بە قەبارەیەکی گەورە لە ناوەڕاســتی تابلۆکەدا کارەکتەری ســیاســی و ســەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) دێتە پێش چاوو کە بە دەســتی چەپی جانتایەکی ســەوز باوی گەورە و بە دەســتی ڕاســتی جانتایکی قاوەیی بچوکتری پێیە بۆتە باڵانســی ڕاگرتنی جەســتەی لە ســەر هەردوو جانتاکەش ســتیکەر و لکێنەر و لۆگۆی گەشــتکردنی پێوەیە ( vintage travel stickers) کە ئاماژەیە بە گەشــتکردن و ســەردانیکی کردنی بۆ هەریەك لە (برۆکســل و ڕۆما و ئیســرائیل و ریاز و ڤاتیکان) و دانەیکیشیان ماناکەی ئەوەمان پێدەڵێت کە (ترەمپ جارێکیتر ئەمریکا مەزن دەکاتەوە) ، ئەوەی سەرنجی نیگامان ڕادەکێشێت قەبارەی سەری گەورەیە لە چاو جەستەیدا و بە خۆبەزلگری و لوت بەرزیەوە ڕوانیویەتیە ئاسۆی لای چەپی خۆی ، هونەرمەند بە تەکنیکیکی زیادەرەوی و موباڵەغەوە گوزارشــت لە شــێواندنی ئەناتۆمی جەســتەی ســـەرۆك ترمپ دا بکات هەروەك درێژکردنەوەی پرچی بەرەو لای چەپ و گەورە کردنی شـــەویلگەی و دریژکردنەوەی هێڵی دەمی و کورتکردنەوەی دەســت و قاچی بێ ئەوە کەسایەتیەکەی لەدەســت بدات بەڵکو لە هەموو پێگەکاندا کە هونەرمەند کاری تیا کردبێت بە ســـتایڵ و تەکنیکی ئەکادیمی پڕ لە دیتەیڵ و وردەکاریەوە بەرجەســـتەی کردووە ، سەرۆك قژێکی زەردی تێکەڵە بە سپی و قاوەیی هەیە کە تاڵەکانی بـــا ژاکاندویەتی و خاوەن ڕوخسارێکی پەمەیی و پرتەقاڵیە و قاتێکی نیلی تۆخی پۆشیوە کە لە باڵەکانیدا چرچی تێکەوتووە و کراسێکی سپی لەبەردایە و بۆینباخێکی پانی ســوری بەســتووە کە شــۆڕ بۆتەوە بۆ خوار کەمەری وەك هەمیشــە بەوە ناســراوە کە بۆینباخەکانی درێژن دیارە ئەوەش گوزارشــتە لە یەك پۆشـــی (Uniform) ی جلی ســـەرۆك کە ڕەنگەکانی پێك هاتوون لە ئاڵای ئەمریکا ،لەژێر پێکانیەوە سێبەری جەستەی دەرکەوتووە کە ڕووناکی بە شێوەیەکی شاقوڵی کەوتۆتە سەر جەستەی .

**تەكنیكی كۆمپۆزشن و خستنەڕوو** :

زانینمەندی تەکنیکی هونەرمەند لە بواری بنیاتی ڕەگەزە فۆڕمەلەکراوەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ســیســتمێکی کۆمپۆزیشـــنی ســێگۆشـــەی هەرەمی هەڵبژاردووە چونکە بارســـتەیەکی هاوســەنگ و جێگیرە لە ڕێگەی تەکنیکی خســتنەڕووەوە هونەرمەند فۆڕمە کاریکاتێرەکانی پڕ دەکات لە دیتەیڵ و جوانی و وردەکاری ،لە دیمانەیەکیشــدا کە لەگەڵ هونەرمەند (جایســن ســیلەر) دا ئەنجامدراوە ئاماژە بەوە دەکات کە خۆی فێری بەکارهێنانی تەکنیکی نیگارکێشـانی دیجیتاڵی کردوە لە ڕێی ئامێرێکی واکۆمی ســینتیکی (Wacom Cintiq) (٢١) ئینجیەوە کە ئەم پارچە تەکنەلۆژیە ناوازەیە تەکنیکگەلێکی دیجیتاڵی باڵای وەهای پێداوە کە بە شــێوەیەکی ســروشــتی بتوانێت هێڵکاری و

نیگاری پێ بکێشـیت لەسـەر شـاشـەیەکی (LCD) ، کە تەکنیکەکانی هاوشـێوەی نیگارکێشـانە باوە نەریتیەکەیەتی لە ڕەنگی ڕۆنی و ئەکریلیکدا ئەویش کارکردنە لە تاریکیەوە بۆ ڕوناکی بە سـەرنجدان لە بەها (Value) و هارمۆنیەتی ڕەنگ ، و هەموو کارە هونەرەیەکانیشـی هەر لە سـکێچەوە تا کۆتایی بە دەسـت و پەنجەی و پێنوسـە دیجیتاڵیەکەی دەنەخشـێنێ و پشـت بە دەسـتکاری کردنی فۆتۆ و تێکەڵ کردنی نابەسـتێت ، بەڵکو تەکنیکی فلچە هەمەجۆرەکانی دیجیتاڵ هەموو تێکسـچەرەکانی لە سـافەوە بۆ زبر پێ دەبەخشـێت و ئامێرەکانیش توانای خێرایی لە کارکردن و ئاسـانی لە گۆڕانکاریەکدا دەروازەیەکی بۆ واڵا دەکات کە سـەر ئەنجام تابلۆ دیجیتاڵیەکانی هێند باڵا بن خۆ لە هەسـتیاری تەکنیکی سـەرجەم تەکنیکەکانی تابلۆیەکی ئاسـایی دەدەن ، ئەم چوونە نێو چڕکردنەوەی فۆڕمە وای کردووە ڕەنگەکانی (سور و شین و سەوز و قاوەیی سپی و زەردی) پلەبەند کردووە لە نێوان پلە ڕوناك و تاریکەکاندا ، ئەوەی تەکنیکی دیجیتاڵی هونەرمەند جەیسـن سـیلەر بەوە جیا دەکاتەوە کارە هونەریەکانێتی کە پڕە لە وردەکاری نزیك لە ستایلی هایپەر ئەویش بە دەرخستنی هەموو دیتەیڵە وردەکانی ناوپێست وەك چاڵ و تێکسچەری پێست و تاڵ بە تاڵ ئارسـتەی مووەکانی سـەر و برۆی نەخشـاندووە کە ئامێری واکۆم ئەم ئاسـانکاریەی بۆ ڕەخسـاندووە لە نزیکردنەوە و دورخستنەوەی فۆڕمەکەدا تا بتوانێت هەموو ئەو وردەکاریانەی تێدا ئەنجام بدات .

**ژێدەر و ناوەڕۆك :**

گەشتی سەرۆك ترەمپ بۆ وڵاتانی (ئیتالیا و ڤاتیکان و بەلجیکا و ئیسرائیل و شانشینی سعودی عەرەبی) ژێدەری پێکهێنەر بنیاتدەنێت کە ترامپ وەك دبلۆماسـیەکی سـەرکەوتوو خۆی نمایش دەکرد کە یەکەم جار بوو لە مێژووی ئەمریکادا بازرگانێك بچێتە نێو دونیای سیا سەتەوە کە هەڵگری پا شخانێکی سیا سی نەبوو بۆیە هەڵسوکەوتەکانی لە کارەکتەرێکی سیاسی نەدەچوو پتر لە بازرگانێك دەچوو لە سیما و بەرگی سەرۆکدا ، چەندین جار هەڕەشەی ئاراستەی وڵاتانی کەنداو دەرکرد کە پارەی زیاتری دەوێت و ئەمریکا بێ بەرامبەر نایانپارێزێت بەڵام پاش ئەوەی گرێبەسـتێکی (٤٠٠) ملیار دۆلاری لە گەڵ سعودیە واژوو کرد بەڵێنی کاری بە ئەمریکیەکان دەدا کە کۆمپانیا و کارگەی زیاتر دەکاتەوە و ئابووری ئەمریکا دەبوژێنێتەوە، لە گەڕانەوەماندا بۆ چاوپێکەوتنەکەی هونەرمەند سەبارەبەت شێوە کاریکاتێریەکان دەبێژێت کە (زۆر هونەرمەند دەتوانن لێکچوون و ڕوخسـارێك بکێشـنەوە بەڵام ئاڵنگاریە گەورەکە لەوەدایە وێنای کارەکتەری کەسـێك بکەیت کە بتوانیت بگەیت بە ڕاستی و جەوهەری ناخی) بۆیە ئاماژە شـێوەییەکەی کە سـەری بە قەبارەیەکی گەورە کێشاوە پێدەچێت وێنای ئەوەمان بۆ بکات کە ترەمپ خۆی زۆر بە زیرەك و هۆشیار و سەرکەوتوو دەزانێت کە بە جانتیەکی پڕ لە پارەوە گەڕاوەتەوە وا بە بێ منەتی و لوت بەرزیەوە ئاوڕ دەداتەوە بۆ نەیارەکانی بەڵام بچوکی دەسـت و پێیەکانی نیشـانەی کردارەکانێتی هەروەها درێژی بۆینباخەکەشـی تەنزێکە لە بێ زەوقی و کەم سەلیقەیی بۆ ڕێکخستنی جلوبەرگەکەی ، لەسەرو بەندی خۆکاندیدکردنەوەی سەرۆك ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٠) دا بەرامبەر کاندیدی دیموکراتەکان (جۆ بایدن) لە چاوپێکەوتنێکدا ترەمب وتبووی گەر بایدن دەربچێت ئەوا ئەمریکا جێدەهێڵێت هەروەها پاش دەرچوونی بایدن بە (٤٦) هەمین سـەرۆکی ئەمریکا هونەرمەند هەمان کاریکاتێری دۆناڵد

ترەمپی لە پەیجەکانی سۆشیال میدیای خۆی لە ئینستاگرام و فەیسبوکدا دانایەوە وەك ئاماژەیەك بۆ خۆ پێچانەوە ڕۆشتنی ترەمپ و جێهێشتنی کۆشکی سپی .



| نمونەی (٤) | |
|---|---|
| ناوی هونەرمەند | Yusuke Matsumoto<br>یوسوکی ماتسومۆتۆ |
| ناونیشانی تابلۆ | نیۆ خۆی لە کرۆنا دەپارێزێ |
| ساڵی بەدیهێنان | ٢٠٢٠ |
| تەکنیك و ئامرازی بەکارهاتوو | نیگارکێشانی دیجیتاڵ بە ئامێری ئایپادی پرۆ |
| پێوانەی تابلۆ | (٤٣,٣٩ x ٧٢,٢٥) سم |
| خاوەنداریێتی تابلۆ | پێگەی فەیسبوکی هونەرمەند<br>https://www.facebook.com/usk.pinebooks |

**چاوپیاخشاندن :**

لەچاوپیاخشاندنێکدا بۆ پێکهاتەی گشتی کارە هونەریەکە، پێکدێت لە دیمەنێکی سینەما سکۆبی فیلمی (ماتریکس – The Matrix) کە ناسراوە بە نیۆ خۆی دورەپەرێز دەگرێت لە فیشەکەکان (Neo Dodging Bullets) ، کە ئەکتەری بە ناو بانگی جیهانی (کیانو ریڤیس - Keanu Reeves) ڕۆڵی کارەکتەری (نیۆ) دەگێرێت لەو فیلمەدا ، بەڵام لێرەدا هونەرمەندی کاریکاتێری یابانی (Yusuke Matsumoto) وەك تەکنیکێك ئەم دیمەنەی گواستۆتەوە و گۆڕیویەتی بۆ کاریکاتێرێکی تەنز ئامێز کە لەسەر پەرەیەکی لاکێشەیی لە شێوەی (Landscape) دا کێشاویەتی ، لێرەدا نیۆی پاڵەوان لە بزاف و نمایش و جوڵەیەکی ئەکشنی پڕ لە دراماتیکی و بەرەنگاربوونەوەیەکی سۆپەرمان ئاسادا و نزیك لە تەکنیکی فیوچەریزمەکانەوە لەو پەڕی ئامادەباشیدایە بۆ بەرسڤدانەوەی ڤایرۆسە فیشەك ئاساکە بەجۆرێك کە لە پاش خۆی شەپۆلێکی لە شێوەی چەندین بازنەدا جێهێشتووە لە هەواکەدا کە گوزارشتە لە خێرایی تێپەڕینی فیشەکەکان بە بەرگە هەوادا و وێنای خێرایی فیشەکەکانمان بۆ دەکەن ، کەسایەتیەکە شانی سوڕاندووە تا خۆی دورەپەرێز بگرێت و کرۆنا فیشەك ئاساکانی بەرنەکەوێت ، فەزای پشتی ئەم نیگارەش لە دوو بەش پێك دێت یەکەمیان زەمینەکەیە بە چەند هێڵێکی ئەندازەبەند دابەش بووە بۆ چەندین چوارگۆشە و بەشی دووەمیشان خۆ لە دوو باڵەخانەدا دەبینێتەوە لە بەشی ڕاست و چەپ دا و باڵەخانەی لای ڕاست بەچەند هێڵێك دابەش کراوە و باڵەخانەی لای چەپیش چوار نهۆمی دیارە بەسەر چەن پارچەیەکی لاکێشەیی دا دابەش بووە نمایندەی پەنجەرە و بۆشاییەکانی دەکات .



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**تەكنیكی كۆمپۆزشن و خستنەڕوو :**

تەكنیكی خستنەڕووی هونەرمەند لە كۆمپۆزیشنی كارەكەیدا پشت بەست بووە بە جوڵەیەكی سینەمایی و پێرسپێكتڤێكی ئاڵۆز و پڕ لە پاڵەوانێتی ، سەرباری تەكنیكی ئەو جوڵە ناباوەی جەستەی فیگەرەكە سەرنجی وەرگر بۆخۆی پەلكێشدەكات ، هەرچەندە ڕیتمی جوڵە و گەورەیی قەبارەی جەستەی هەژموونێكی پێبەخشراوە كە ڕۆڵی سەرەكی دەگێڕێت لە كارە هونەریەكەدا بەڵام سیما و ڕوخساری كارەكتەرەكە زیاترین پێگەیەكە كە هونەرمەند بە دیتەڵێكی زۆر و وردەكاریەكی ئەكادیمیەوە كاری تیاكردووە وێڕای ئەوەش (فلو) كردنەوەو لێلكردنی باكگراوند و بەشەكانی دیكەی جەستەی تەكنیكێكە كە هونەرمەند بەكاریهێناوە لە پێناو فۆكس خستنە سەر ڕوخسار و ناساندنی كەسایەتیەكەی، گەر بڕوانینە قەبارەی ڤایرۆسی كرۆناكە بچوكە بەڵام لەم كۆمپۆزیشنەدا بە سەنتەر كراوە چونكە هەموو ئەو جوڵە و داڕشتنی هێڵی و فۆرمە لە پێناو خۆ لادانە لە كرۆنا فیشەك ئاساكە تەنانەت كەسایەتیەكەشی خستۆتە خزمەتیەوە كە سەیری دەكات و دەستی دور خستۆتەوە تا بەری نەكەوێت ، لە میانی سیستمی تەكنیكیشەوە هونەرمەند ئامێری دیجیتاڵی ئایپادی پرۆی بەكار هێناوە و بە فلَچە هەمەجۆرەكانیەوە بەڵام لە بەكارهێنانی ڕەنگدا تەكنیك و هەستیاریەكی ناوازەی لە ڕیتم و تۆناتەكانی سەوز و ڕەش بەكاربردووە لە كۆی نیگارەكەدا لە پاڵ بەكاربردنی ڕەنگەكانی پێست وەك (تۆناتی پرتەقاڵی و پەمەیی) بەهۆكاری ئەوەی ڕەنگەكانی لە دیمەنە سینەماییەكە وەرگرتووە ، هەرچی تەكنیكی هێڵە زۆرترین ڕۆڵی گێراوە لە داڕشتنی نیگارە هونەریە كاریكاتێرەكەدا هەر لە هێڵی چرچی جل و بەرگ و شەپۆلی هەواو تەوژمی فیشەكەكە و نەخشاندنی باڵەخانەكاندا هەرچی ڕوناكیە لە سەرەوە دەكەوێتە سەر فۆرم و بارستە و ڕەگەزەكانی تر .

**ژێدەر و ناوەڕۆك :**

ژێدەری سەرەكی بابەتەكە پەیوەستە بە پەتای (Covid-19) كە گشت زەمینی بە خۆیەوە سەرقاڵ كردووە كاریگەریەكی كوشندەی ڕاستەخۆی لەسەر تەندروستی و ژیانی مرۆڤ هەیە بەڵكو لێكەوتەكانی ئەم درمە لە ڕووی دەروونی و كۆمەڵایەتی و ئابوریشەوە شوێنەواری نەرێنی لەسەر تاك و كۆی كۆمەڵگە دروست كردووە بە هۆی پیادەكردنی دابڕان (كەرەنتینەكردنە) وە چونكە ئەم ڤایرۆسە زۆر بە خێرای دەگوازرێتەوە و خۆپارێزیكردن لێی قورس و ئەستەمە، هەر لە سەرەتای ناساندنی ڤایرۆسەكەشەوە وەك پەتایەكی جیهانی هونەرمەندان و كاریكاتێریستەكان وەك بەرپرسیارێتیەكی مۆراڵی و مرۆڤدۆستی ئەم بابەتەیان كردە كاری هونەری بۆ هۆشیاردنەوەی تاك بە مەبەستی خۆ پاراستن ، هونەرمەندی كاریكاتێریستی یابانی (Yusuke Matsumoto) لەم كارە تەنزئامێزەدا ئەیەوێ پەیامێكمان پێ بگەینێت كە هاوشێوەی (نیۆ) پێویستمان بە هێزێكی سەرو سروشتی هەیە تا خۆمان لەم پەتایە لا بدەین و لە هەمان كاتیشدا كرۆنای لە شێوەی فیشەكدا نمایش كردووە پێدەچێت مەبەستی ئەوەبێت كە هاوشێوەی فیشەك بكوژە .



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**بەشی چوارەم : ئەنجام و دەرئەنجامەکان :**

**ئەنجامەکان :** ١-کاریکاتێر ئەو هونەرەیە کە بەرهەمی کۆمەڵگەیە و بەرجەستەکەری ئایدیا و هیوا و ئومێدەکانێتی ، هەر لە ســاتەوەختی لە دایك بوونی کاریکاتێرەوە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەبووە و بەهێزترین چەکە بەرامبەر دیاردە کۆمەلایەتی و سـیاسـیە دزێوەکان ، هەروەها ئەو چاو نەترسـیەیە کە خڵتە کۆمەڵایەتیە بنکردووەکان دەلەرزێنی کە تەنانەت خودی یاساش لە بگژداچوونەوەیاندا شکستی هێناوە .

٢-هونەری کاریکاتێر و ئەدەبی ڕەخنەگرتن هەڵقوڵاوی جوگرافیایەکی بەرینی ئەوروپا و ڕۆژئاوایە بەجۆریك ئەم هونەرە بە تەنیا لە ژینگەیەکی پڕ لە ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین و پیادەکردنی ڕەهای دیموکراســی دا گەشــە دەکات . وەك لە نمونەی (١ ، ٢ ، ٣ ،٤) دا بەدیدەکرێت .

٣- سـیسـتمی بونیادنراوی کارەهونەرییەکە لەڕووی بەکاربردنی تەکنیکی خسـتنەڕووی پەیوەندییە چاوەکیەکانی (فۆرم و کۆمپۆزیشن و پێرسپێکتف) ڕەهەندێکی درامی ئەوپەڕی ووردەکاری تێکسچەر و پێرسپێکتڤی لە خۆ گرتووە هاوشێوەی پۆستەری ڕیکلامە سینەماییەکانە وەك لە نمونەی (١) دا بەدیدەکرێت .

٤-تەکنیکی خستنەڕووی پۆرترێتی کەسێتی و گوزارشتکردنی سایکۆیی لە نێو نمونەی (٢) دا بەجۆرێکە ڕوخساری نامۆی (مایکل جاکسن) بە ستایلێکی ناباو گاڵتەئامێز خەسڵەتەکانی زێدەڕۆیی و زەقکردنەوەی شێواندنی ڕوخساری قوڵتر کردۆتەوە کە بارگاویە بە لایەنی دەروونی پڕ لە هەژانی جاکســۆن و فرە جوڵەی پڕ لە ڕیتمی پۆپ و ســەما تایبەتەکانی .

٥- بەکاربردنی تەکنیکە دیجیتاڵیەکان هاوتەریبە لەگەڵ ئیســتاتیکای توانســتە تەکنیکیەکانی کەرەســتەی ڕەنگی ڕۆنی و ئەکریلیکی ڕاســتەقینە، هونەرمەند لە میانی بەکاربردنی فڵچەی پان و شــەفاف و هەروەها هێڵی باریکەوە دیقەت و وردەکاری لە ڕووخسـاریدا بەجێهێشـتووە بۆیە بەکارهێنانی پەرمووچی بوێرانەی ڕەنگاڵەیی و ڕەنگی بەهێز و شــوێنەواری فلچە لە باگراوەندە شــینەکە و دانانی هێڵی تیژ و خێرا دەرئەنجامی هەڵچوونە تەعبیریەکانیەتی کە تەقاندنەوەیەکی ڕەنگی پێشەکەش کردوە وەك لە نمونەی (٢) دا بەدیدەکرێت .

٦- زانینمەندی تەکنیکی خستنەڕوو لە نمونەی (٣) دا ، ڕوکەشێکی ناوازەی وەهای نەخشاندووە هاوشێوەی هاپیەر ڕیالیتی دیتەیڵە و جوانی و وردەکاریەکەشــی لە میانی شــاشــەیەکی (LCD) ئامێرێکی واکۆمی ســینتیك و فلچە هەمەجۆرەکانەوە هەموو تێکســچەرەکانی ناوپێســت و ئاراســتەی تاڵەمووەکانی پێ نەخشــاندووە چونکە ئامێری واکۆمی سینتك ئاسانکاری بۆ هونەرمەند ڕەخساندووە لە نزیکردنەوە و دورخستنەوەی فۆرم دا .

٧- توانستی تەکنیکی خستنەڕوو لە نمونەی (٤) دا پشتبەستە بە دیمەن و گرتەی سینەمایی فیلمی (The Matrix) ڕووکەشێکی بینەیی پڕ لە بزاڤ و نمایش و جوڵەی ئەکشنی پاڵەوانی نێو فلمەکانی بەرجەستەکردووە کە وێناکردنی تەکنیکی (فلو) کردنەوەو لێڵکردنی باکگراوند و بەشەکانی دیکەی جەستەیە لە پێناو فۆکس خستنە سەر ڕوخسار و ناساندنی کەسایەتیەکەی .



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٨- یەكێك لە تەكنیكە دیارەكانی كاریكاتێر بچوكردنەوەی جەستە و گەورەكردنی سەرە تا كاریگەریەكی هەستیاری هەبێت بە تایبەت لە كاریكاتێرە ڕامیاریەكاندا وەك لە نمونەكانی (١ ، ٣ ، ٤) دا بەدیدەكرێت .

**دەرئەنجام:**

١- كاریكاتێر شێوازێكە كۆمەڵگە ئەندامە لاسارەكانی خۆی پێ تەمبێ دەكات ، یان دەكرێت ڕەهەندێكی بە شكۆ و جوانی هەبێت لە یەكڕیزی كۆمەڵ و كۆكردنەوەیان لە ئامانجێكی هاوبەشدا .

٢-تەكنەلۆژیا لە ڕووی تەكنیكەوە هونەری كاریكاتێری گەیاندە ئاستێكی باڵا بە جۆریك هونەرمەند لە هەمبەر جۆرەهایەك ئامراز و بژاردەدا خۆی دەبینێتەوە كە كاریكاتێری ترادیشن تێدەپەڕێنێت .

٣- تەكنەلۆژیا وەك وەدیهاتوو یەكی زانست و ئەقڵگەرا لەڕووی وەبەرهێنانی كاتەوە یەكێكە لەو هۆكارە سەردەمیانەی كە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە كاری هونەری خستە ڕەهەندێكی وەهاوە كە بەردەوام لە نوێ بوونەوەدایە .

٤- باڵادەستی تەكنیكی خستنەڕووی ئامێری واكۆمی سنتیك هاوتەریبە بە ناوەڕۆك و بابەتی كاریكاتێرەكە، هەردوو لە كۆنتێكستێكی نەخشێنراودا سەرنجەكانی وەرگر بەرەو ڕەهەندێكی ئیستاتیكی و گوزارشتگەرا دەبەن بە تایبەتی ئاریشە ڕامیاری و مرۆییەكان . وەك لە نمونەی (١) دا .

٥-تەكنیكی خستنەڕووی كارەكانی (ڤالانتاین چیبریت) كە لە میانی ئامێری واكۆمی سنتیك و سۆفتوێری (Artrage) نەخشاندویەتی ، كارایی بەرجەستەكردن و هۆشیاری بەكاربردنی ئامێرە تەكنەلۆجیەكانی پێوەدیارە تاكو ڕادەی باڵادەسبوونی خەسڵەتە هونەرییە بینەییە تەعبیری و ئیستاتیكیەكان .

٦-تەكنیكە دیجیتاڵیەكانی (جەیسن سایلەر) لە نمونەی (٣) دا ، واڵاكردنی دەروازەیەكی كراوەیە بە ڕووی هەستیاری لە بەرجەستەكردنی ئەناتۆمی و جوڵە و گشت خەسڵەتە هونەری و گوزارشتگەراكاندا .

٧-تەكنیكی دیجیتاڵی ئامێری فرەمیدیای ئایپادی پرۆ تەكنیك و خەسڵەتی هونەری وەهای فەراهەمكردووە هونەری كاریكاتێری لەڕووی فۆڕم و ناوەڕۆكەوە باڵاتر كردووە .وەك لە نمونەی (٤) بەرجەستەبووە .

٨- تەكنیكی خستنەڕووی كاریكاتێری دیجیتاڵی كاریگەرترین نێوەندی گوزارشتە بەوپێیەی كە خەسڵەتە هونەریەكانی بە ئاوهایەكە كە توانستی بە ساناترین و كەمترین كات لە نێو تۆڕی پەیوەندی دیجیتاڵی گریمانەیی (ئەنتەرنێت) دا بگاتە ئاسۆی چاوەڕوانی هەموو وەرگرێك لەهەركوێیەكی دنیادابێت .

**ڕاسپاردەكان** : لەژێر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوەیە و ئەو ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووە ، توێژەر ڕاسپاردەی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەكات :

١-تەكنیكەكانی نیگاركێشانی دیجیتاڵ پێویستیەكی هەنووكەییە لە تەكنەلۆژیای سەردەمدا و پێویستە وەك وانەیەك لە میتۆدی خوێندنی بەشی شێوەكاری كۆلێجی هونەرەجوانەكاندا بخوێندرێت .

٢-گۆڤار و وێب سایت و میدیای دیجیتاڵی لە كوردستاندا وەك هونەرێكی باڵا و كایەیەكی هونەری سەرنج ڕاكێش پێویستە گرنگی بە لایەنی كاریكاتێری دیجیتاڵی بدەن .

**پێشنیارەکان** : لە پێناو کامڵ بوونی پێداویستیەکانی توێژینەوەکە و بەدیهێنانی سودی زانستی ، توێژەر پێشنیاری بەجێهێنانی ئەم لێکۆڵینەوە و توێژینەوانە دەکات کە ڕووەکانی تر لە لێکۆڵینەوە دەبارەی نیگارکێشـــانی دیجیتاڵی کاریکاتێری لەخۆ دەگرێت:

١-خەســـڵەتە هونەریەکانی کاریکاتێری دیجیتاڵی لە نێو کارەکانی جایســـن ســـایلەر و ڤالانتین چیبریت دا . (توێژینەوەیەکی بەراوردکاری)

٢-ناوەڕۆکی گوزارشتگەرایی لە نێو کارەدیجیتاڵیەکانی ڤالانتین چیبریت دا .

**پەراوێز** : (*) فیزیۆنۆمی : بریتیە لە کرداری هەڵســـەنگاندنی کەســـایەتی (کارەکتەری) کەســـێك لەســـەر بنەمای ڕواڵەتی دەرەوەی خۆی بە تایبەت دەمووچاوی .

**سەرچاوەکان :**


١-المنجد في اللغة و الإعلام، دار المشرق ، بيروت-لبنان ، ١٩٨٦،ص٦٣ .

٢-أمينة حمدي أحمدإبراهيم، أثر تطور الرسم الرقمي على الإبداع في الرسوم التوضيحية، ماجستير قسم الجرافيك، كلية فنون الجميلة، جامعة حلوان ، ٢٠١٤ ، ص ١٠

٣- بول كلي ، نظرة التشكيل ، تر: عادل السيوي ، دار ميريت ، القاهرة، ط١، ٢٠٠٣، ص٤٠ .

٤- حنان حمادى ، خديجه مالكي : تلقي فن الكاريكاتير ناجي العلي أنموذجا ، رسالة ماجستير في الفنون التشكيلية ،قســم الفنون البصــرية / كلية الأدب العربي و الفنون ، جامعة عبدالحميد بن باديس – مســتغانم ، جمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية ، ٢٠١٩،ص ص ٦-٩ -٢٢.

٥- عبدالكريم سعدون، الكاريكاتير الصحفي، الأكاديمية العربية في الدنمارك، قسم الأعلام و الأتصال، ٢٠٠٨، ص١١

٦-علي الحبيب الفريوي، مارتن هايدغر ((الفن و الحقيقة))، دار الفارابي، بيروت-لبنان، ط١، ٢٠٠٨، ص٢٠٠ .

٧- فؤاد زكريا، التفكير العلمي، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت ، ١٩٧٨ ، ص١٣٣.

٨- فرانك كليش ، ثورة الانفونيديا ، ترجمة : حسـام الدين زكريا ، المجلس الوطني للثقافة والفنون والادب ، الكويت ، ٢٠٠٠ م ، ص ٢٥ .

٩- ممدوح حمادة : فن الكاريكاتير من جدران الكهوف إلى أعمدة الصـحافة ، دار عشـتروت للنشـر ، ديمشـق ، ١٩٩٩ ، ص٩ .

10- Annie Duprat, Le Roi décapité : essai sur les imaginaires politiques, Les Éditions du Cerf, France , 1992, pp. 31-35

11- Bertrand Tillier, À la charge! La caricature en France de 1789 à 2000, Éditions de l'Amateur,France, 2005, p. 151

12- Catherine Clerc, La caricature contre Napoléon, Cercle De La Librairie, France,1985, p. 32

13- Chu Siu Hang, Making Digital Painting Organic, Doctor of Philosophy, in the Department of Computer Science and Engineering, The Hong Kong University of Science and Technology, Hong Kong, 2007 pp.1-2-9

14- Cynthia A. Agyeman, Artists' Perception of the Use of Digital Media in Painting, Doctor of Philosophy, The faculty of The Patton College of Education of Ohio University, 2015, pp. 40-41

15- Dafina Genova, Grasping political cartoons? Not an easy matter, The European Journal of Humour Research, Bulgaria,2018, pp.85-99.

16- Diana Teresa Marra, Digital Painting, Tesi di laurea in Sociologia della cultura digitale, Universita' Degli Studi Di Napoli FEDERICO II , Facoltà di Sociologia , Italy , 2013, pp. 37-38.

17- E. Akleman, J, Palmer, R. Logan, "Making Extreme Caricatures with a New Interactive 2D Deformation Technique with Simplicial Complexes", Proceedings of Visual 2000, Mexico City, Mexico, pp. 165–170.

18- Émile Bayard, L'illustration et les illustrateurs, Paris, Delagrave,1997, p.16.

19-Farha Abrar, Use of Digital Art in contemporary Indian era, Doctor of Philosophy in fine arts, Department of fine arts, Aligarh Muslim University, India,2015,pp.54-60

20-G.Y.Annum, Digital Painting Evolution: A multimedia technological platform expressivity in fine art painting, a Research paper published at Journal of fine and studio art department of painting and sculpture, Kwame Nkrumah University of Science and Technology, Kumasi Ghana, 2014 ,pp.1-2-18

21- Jacques Letheve , La caricature et la presse sous la III-REPublique,Paris,France,1961, p31.

22- Jean-Pierre Gebe, La caricature et la parodie dans le monde romain antique des origines à Juvênal, Editions De Boccard,France ,1966, p408.

23- Jingtao Cui, Research on Digital Painting Art and Its Diversified Performance, Zhuhai College of Jilin University, Zhuhai, Guangdong, China, Published by Atlantis Press, 2017, pp 1- 2 -5 .

24- Josh Greenberg, Framing and Temporality in Political Cartoons: A Critical Analysis of Visual News Discourse, Canadian Review of sociology and anthropology, May 2002, pp. 181-198

25- La rousse , dictionnaire encyclopédique , paris , 2000,p252.

26- Lorenzo Lorusso , https://neuro-caricatures.eu/leonardos-grotesque.

27- Michel Jouvre ,l'âge d'or de la caricature Anglaise, presse de fondationntionale des sciences politique, France ,1983 p20.

28- Michel Ragon , Les maitres du dessin satirique , Piotre Haron publishing ,france ,1972 , p.6-8-9.

29- Renaud Muselier, Daumier. Artiste frondeur, Marseillais rebelle, plon éditions, France, 2008, p.129.

30-Rhonda walker , La caricature politique sous son vrai jour! Revue parlementaire Canadienne, Canada:printemps 2003, P16.

31- Rhonda walker, Political cartoons: now you see them, Canadian Parliamentary Review, Canada, 2003, pp. 16-21

32- Séverine Thivillon,La caricature dans les médias,mémoire de fin d'étude(université lumiére lyon2:institut d'étude politiques,2003,p.21.

33- Sutton, J. (2009). Book Painter 11 Creativity: Digital Artist's Handbook. Focal Press, pp. 15-16.

34- Terry Mosher. "Drawn and Quartered." Leader and Dreamers Commemorative Issue, MacLean publishing . Canada, 2004, p.171.

35-https://en.wikipedia.org/wiki/Digital_painting.